یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئیران

February 2026
NO:72

# ژنان و هونەر

ئازادی بۆ ژن،بەختیاری بۆ کۆمەڵ

ڕۆڵی ژنان لە بەرهەمهێنانی زانستی میدیایی
لاپەڕە ٦

ئاوڕدانەوەیەک لە ژنانی شاعیر
لاپەڕە ١٠

ژنانەنووسین یان نووسینی ژنان
لاپەڕە ٢٢

ژنان و سۆشیامیدیا
لاپەڕە ١٢

ژنان و روزنامەنگاری
لاپەڕە ٢٨

تاثیر زن در رسانەهای تصویری
لاپەڕە ٣٢



NO:72

February 2026

WOMEN ژنان

# ئۆرگانی ڕاگەیاندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئیران

## ژمارە ٧٢ی گۆڤاری ژنان

سەرنووسەر: نەسرین یوسفزادە

**دەستەی نووسەران:**

نەسرین یوسفزادە

شەهێن بایزیدپوور

ئازاد مستۆفی

سروە زەند

باوکی ئەڤین

ویراسداری: ف. ڕۆژهەڵات

بەرگ: ماهورگرافیگ

-دیزاینی ناوەرۆک: نەسرین یوسفزادە

**بۆ پێوەندی کردن بە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران:**

**لینکی گۆڤاری ژنان لە سایت:** https://www.kurdwomen.org/category

**٠٠٩٦٤٧٥٠١٢٢٠٨٧٣**

**٠٠٩٦٤٧٥٠٢١٣٧١٠٩**

# پێرستی بابەتەکانی
# ژمارە ٧٢ی گۆڤاری ژنان

**٤. کاریگەریی سریاڵە تورکییەکانی «جیێم تی ڤی» لەسەر ژنان و بنەماڵەکان**
شەهێن بایەزیدپوور
**٦. ڕۆڵی ژنان لە بەرهەمهێنانی زانستی میدیایی**
دیمانە: نەشمیل عەبدی
**٨. وەرچەرخانە مێژووییەکانی جێندەر لە ئاوێنەی سینەمای ئێراندا**
نەسرین یوسفزادە
**١٠. شێعری ژنانە ئاوڕدانەوەیەک لە ژنانی شاعیر**
دڵنیا سەقز
**١٢. ژنان و سۆشیامیدیا پێناسەکردنەوەی ناسنامە و گۆڕەپانی نوێی بەرگری**
ئەژین حسەینی
**١٤. قەڵەم: کاتێک وشە دەبێتە ناسنامە و هاواری ژن**
باوکی ئەڤین
**١٦.لە نێوان سانسۆر و هیوا؛ وگفتوگۆیەک لەگەڵ شنۆ میهرپەروەر**
دیمانە: گۆڤاری ژنان
**١٩ پێناسەی پەیڤکاتۆر و چەند پەیڤکاتۆر**
مستەفا فەقێ
**٢٠پرسی ژنان لە ئەدەبیاتی کوردیدا:**
ژوان
**٢٢ژنانەنووسین یان نووسینی ژنان**
گوڵاڵە ئیبراهیمی
**٢٤ژن لە میدیای کوردیدا**
پێشەوا ڕوژهەڵات
**٢٦ ڕۆڵی ژنان لە بەرهەمهێنانی زانستی میدیایی**
نەشمیل عەبدی

# فهرست عناوین
# شماره ۷۲ی «گۆڤاری ژنان»

**۲۸.تاثیر زن در رسانه‌های تصویری**
شهین زاداحمد

**۳۰. زن مصرفی در رسانه‌های ایران به‌مثابه اختگی فرهنگی**
بهار حوسێنی

**۳۲. زنان و روزنامه‌نگاری**
کیمیا مرتضه‌وی

**۳۴ زن در آینه‌ی رمان**
کۆچەر پزشک

**۳۵ نگاهی به کنگره‌ی پنجم اتحادیه‌ی زنان و فعالیت‌های پس از کنگره**

**۳۶ ئاوڕێک له کۆنگره‌ی پێنجه‌می یه‌کیه‌تیی ژنان و چالاکیه‌کانی دوای کۆنگره**

# کاریگەریی دراما تورکییەکانی «جێم تی ڤی» لەسەر ژنان و بنەماڵەکان



شەهێن بایەزیدپوور

بابەتی ئەم وتارە لێکۆڵینەوەیە لە کاریگەرییەکانی دراما تورکییەکان کە لەلایەن کەناڵە ماهوارەیییەکانەوە بڵاو دەکرێنەوە، بەتایبەت، زنجیرە کاناڵەکانی جێم تی ڤی کە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە درامایانەدا بەتایبەتی لەنێو ژنان و بنەماڵەکاندا هەیە. ئەم توێژینەوەیە چەند پرسیارێکی بنەڕەتی دەخاتە ڕوو؛ بەرهەمهێنەرانی ئەم جۆرە درامایانە کێن؟ ئەم جۆرە درامایانە بۆ چ مەبەستێک بەرهەم دەهێنرێن و سەرمایەی مادییان بۆ دابین دەکرێت؟ نوێنەرایەتی چ گوتارێک دەکەن و چ کاریگەرییەک لەسەر ژنان و پێکهاتەی خێزان دادەنێن؟

بەشێکی زۆری ئەم درامایانە بە پاڵپشتی ڕاستەوخۆ، یان، ناڕاستەوخۆی ڕەوت گەلی سەر بە ئیسلامی سیاسیی تورکیە، بە تایبەتی، پارتی داد و گەشەپێدان (ئاک پارتی) بەرهەم دەهێنرێن کە لە ساڵانی ڕابردوودا دەسەڵاتی سیاسی لە تورکیە بە دەستەوە گرتووە و نوێنەرایەتی فۆرمێکی «ئیسلامی سیاسی» دەکات کە لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە لە ئیخوان موسلیمینەوە نزیکە. ئەم گوتارە بە پێچەوانەی میراتی سێکۆلاری سەردەمی کۆماری تورکیایە کە ئەتاتورک دایمەزراندووە.

مەبەست لە بەرهەمهێنانی ئەم سریاڵانە، دەتوانرێت لە دوو ئاستدا بخرێتە ڕوو:

**یەکەم: ئامانجی ئایدیۆلۆژی–سیاسی**
بزووتنەوە ئیسلامییەکان لە تورکیە، وەک زۆرێک لە ڕێژیمە ئایدیۆلۆژییەکانی ناوچەکە، بە قووڵی لەگەڵ نەزمی مۆدێرن و سێکۆلاریزم و دیموکراسیدا ناگونجێن و خەونی گەڕاندنەوەی جۆرێک لە دەسەڵاتی مێژوویی و ئیمپراتۆرییەت دەبینن؛ خەونێک کە لە ڕووی پێکهاتەییەوە لێکچوونێکی زۆری لەگەڵ پرۆژەی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ هەناردەکردنی شۆڕش و فراوانکردنی «هیلالی شیعی" هەیە. ئەم دوو ڕێژیمە هەرچەندە بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەکە رکابەری دەکەن، بەڵام، لە ئاستی ستراتیژی و ئایدیۆلۆژیدا، لە ڕوانگەی خۆیان بۆ کۆمەڵگە و دەسەڵات، بە تایبەتی ژنان، هاوبەشی گرنگیان هەیە.

**دووهەم: مەبەستی کۆمەڵایەتی–فەرهەنگی، بەتایبەتی لەپێوەندی لەگەڵ ژناندا**
لەم سریاڵانەدا ژنان بە شێوەیەکی سیستماتیک لە گۆڕەپانی سیاسەت و دەسەڵات و کردەی کۆمەڵایەتی دوورخراونەتەوە و پەراوێز خراون، بەتایبەت، لەو سریاڵانەدا کە لە ژانری مێژوویی لەخۆ ناگرن ژنان هیچ ڕۆڵێکی چالاکیان لە گۆڕەپانی سیاسەت و بڕیاردانی کۆمەڵایەتیدا نییە، تەنانەت ئەو ژنانەی کە خوێندەوارن، پزیشکن، پارێزەرن، یان بەڕێوەبەرن لە کۆتاییدا ڕۆڵەکەیان سنووردار دەکرێتەوە بە مرۆڤگەلێک کە تەنیا نیگەرانییەکەیان پێوەندی سۆزداری، بابەتی سێکسی، یان قەیرانی خێزانییە. زۆرجار ژنان وەک هاووڵاتی پلە دوو وێنا دەکرێن کە بۆ بەدەستهێنانی پیاوێک یان پاراستنی پێوەندییەک ئامادەن هەموو باجێک بدەن.

لەبەرامبەردا پیاوان بەزۆری وەک کەسایەتییەکی بەهێز و عەقڵانی و بڕیاردەر وێنا دەکرێن، تەنانەت، ئەگەر لە هەندێک حاڵەتدا بێ هەڵوێست یان گەمژە بن. ئەم نەخشەیە نەزمێکی پیاوسالاری بەرهەم دەهێنێتەوە کە تێیدا هێزی سۆزداری ژنان نەک بۆ ڕزگاری بەڵکو بۆ کۆنترۆڵکردنیان بەکاردەهێنرێت. لە سریاڵە مێژووییەکاندا، ژنان هەندێک جار ڕۆڵی سیاسی پشت پەردەیان هەیە، بەڵام، ئەم ڕۆڵگەلە زۆرجار وەک کەسایەتی ئاژاوەگێر و پیلانگێڕ و نەرێنی وێنا دەکرێن؛ وەک ئەوەی بوونی ژن لە سیاسەتدا لە بنەڕەتدا مەترسیدار و وێرانکەر بێت.

لەلایەکی دیکەوە، ئەم درامایانە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی پێکهاتە خێڵەکییەکان و پەرەپێدانی دەسەڵاتی نەریتی، بەشێوەیەکی کاریگەر پرۆژەی مۆدێرنیتە و هاووڵاتی بوونی مۆدێرن لاواز دەکەن. لەم گێڕانەوەیانەدا یاسا و دەسەڵاتی دادوەری و پۆلیس نابینرێن و

توندوتیژی خێزانی و تۆڵەسەندنەوەی کەسی و پشتگوێ خستنی یاساکان دەبێتە بابەتێکی ئاسایی و تەنانەت ڕەوایەتییان پێ دەبەخشرێت، ئەم فەزایە توندوتیژی دژی ژنان بەرهەم دەهێنێتەوە و دەیکاتە بابەتێکی ئاسایی.

**بۆچی ژنان ئامانجی سەرەکین؟**

ویلهێلم ڕایش، دەروونناسی ئاڵمانی لە کتێبی «دەروونناسی جەماوەری و فاشیزم»دا جەخت لەوە دەکاتەوە کە دیکتاتۆرییەتەکان لەسەر شانی بنەماڵەیەکی پاوانخواز و سەرکوتی سێکسی ژنان بنیات دەنێردرێت، چونکە کۆمەڵگەیەک کە تێیدا ژنان ئاگاداری مافە سێکسی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان بن و چێژیان لێ وەربگرن، سەکۆیەکی گونجاو بۆ گەشەکردنی دیموکراسی و بناغەکانی دیکتاتۆریەت تێک دەدات. هەر لەبەر ئەم هۆکارە، کۆنترۆڵ کردنی ژنان هەمیشە لە پێشینەی کارەکانی ڕژێمە تۆتالیتێرەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە.

**کاریگەری ئەم سریاڵانە لەسەر ژنانی ئێران، بەتایبەت، ژنانی کورد**

ئەم سریاڵانە کاریگەرییەکی وێرانکەریان لەسەر بەشێکی گەورەی ژنان هەیە، بەتایبەتی ژنانی ماڵەوە و ژنانی خوێندەوار کە بەهۆی سنوورداربوونی بازاڕی کار و هەڵاواردنی پێکهاتەیی لە بەشداری چالاکانەی کۆمەڵایەتی دوورخراونەتەوە. بەرهەم–هێنانی بەردەوامی ئەم زنجیرانە دەبێتە هۆی دروستبوونی جۆرێک لە «چینی خۆڵەمێشی»؛ ئەو ژنانەی کە متمانەبەخۆییان کەمە و داواکارییەکانیان قەتیس دەکرێتەوە بە داواکاری گەلی ڕووکەشی و لە کۆتاییشدا دەبێتە هۆی مەودای زیاتری ئەم ژنانە لە چالاکی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

ئەم بەرهەمانە مۆدێلێکی جوانی ناسانەی ناڕاست و جۆرێک لە بەکاربەری (مصرف گرایی) پەرە پێ دەدات کە لە کۆتاییدا گوشارێکی زۆر دەخاتە سەر ژنان، لە نەشتەرگەری جوانکاری مەترسیدارەوە تا دەگاتە دیکۆراتی لوکس.




**ڕێگای دەربازبوون لە ئاسەوارە وێرانکەرەکانی ئەم درامایانە چییە؟**

سەرەڕای ئەمانە، بڵاوبوونەوەی تۆڕی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تا ڕادەیەک ئەم قۆرخکارییە میدیاییە شکاندووە و ئەگەری دیالۆگ و چالاکی سەربەخۆی بۆ ژنان ڕەخساندووە.

لەم نێوەندەدا، ڕۆڵی لایەنە سیاسییەکان و میدیای سەربەخۆ، بەتایبەتی، لە کوردستانی ئێران زۆر چارەنووسسازە. پارتە سیاسییەکان، لەوانەش حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە ڕێگەی تەلەفزیۆن و میدیاکانیانەوە دەتوانن بە وێناکردنی سیاسی ژنان لە پێگەی «هاووڵاتی پلە دوو» بۆ «هاووڵاتی پلە یەک» بەرز بکەنەوە. پێویستە ژنان نەک تەنیا بۆ «پرس گەلی ژنان» بانگهێشتی میدیا بکرێن، بەڵکو، بۆ شی کردنەوەی بابەتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیش بانگهێشت بکرێن. بانگهێشت کردنی ژنان بۆ گۆڕەپانی سیاسی و پێ دانی دەسەڵاتی کردەیی و بڕیاردان، نەک تەنیا لە بەرژەوەندی ژناندایە، بەڵکوو، بە گشتی لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگەشدایە، کۆمەڵگەیەک کە ژنان ڕۆڵی کارای تێدا بگێڕن، بێ گومان تەندروستتر و ئازادتر و دیموکراتتر دەبێت.

# ڕۆڵی ژنان لە بەرهەمهێنانی زانستی میدیایی

**دیمانە:نەشمیل عەبدی**

**وەک دەزانین میدیا لەم سەردەمەدا بەتایبەتی کاریگەرییەکی زۆری هەیە و ئەمە وای کردووە کە میدیا ببێتە سەکۆیەکی زۆر گرینگ و هەر کەسێک تەنیا بە هەبوونی مۆبایلێکی زیرەک بۆخۆی بە تەنیا بتوانێ ببێتە دەنگێک، هەر بۆیە دەمانەوێ لەسەر میدیا ڕابوەستین و پێکەوە تاوتوێی ڕۆڵ و پێگەی ژنی ڕۆژنامەنووس لە میدیای کوردی‌دا بکەین. بزانین ئاخۆ بەوەی کە ڕێژەی ژنان لە میدیا لە ئێستادا بەگشتی زۆری کردووە چ کاریگەرییەکی هەبووە، ژنانی میدیاکار زیاتر لە چ بوارێک و لە چ بابەتێکدا سەرکەوتنی زیاتریان بەدەست هێناوە و هەروەها تواناکانی ژنانی ڕۆژنامەنووس چۆن هەڵدەسەنگێندرێ لە هەموو شتێک گرینگ‌تر ئاخۆ ژنان لە دەزگا میدیاییەکان‌دا چەندە لە بەڕێوەبردن و بەرپرسیارەتیی وەرگرتن لە بەشە گرینگەکانی میدیا ڕۆڵیان پێ دەدرێ و هەروەها دەمانەوێ لەسەر ئەو بەربەستانەی کە بۆ ژنانی ڕۆژنامەنووس دێنە پێش ڕابوەستین و باسی بکەین و هەروەها ژنان چەندە توانیویانە بەو ڕێژە بەشداری‌کردنە زۆرە، پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆیان بەهێز بکەن و بتوانن دۆزی ژنان میدیایی بکەنەوە و بتوانن کار لەسەر ئەم بابەتانە بکەن. بۆ ئەم مەبەستە لە لایەن گۆڤاری «ژنان»ـەوە دیمانەیەکمان لەگەڵ خاتوو «ئاڤان فارس جاف» مامۆستای زانکۆ ـ بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سەلاحەددین، بەرپرسی بەشی میدیا لە ڕێکخراوی «ئێمە» بۆ گەشەپێدانی مرۆیی، پێک هێناوە کە دەیخەینە بەر ڕا و بۆچوونی ئێوەی بەڕێز.**

**پ١: سەرەتا پێم خۆشە پێناسەیەکی ڕاگەیاندنمان بۆ بکەیت و بۆمان باس بکەیت کە بۆچی ئەساسەن میدیا گرینگە و لە کوردستان زیاتر کام مۆدێلی ڕاگەیاندن (چاپکراو، بیستراو و بینراو) بەردەنگی هەیە و زیاتر گرینگیی پێ دەدرێ؟**

ئاڤان فارس: ڕاگەیاندن هۆیەکە بۆ گەیاندنی پەیام و ئاراستەکردن بە خەڵک، لە پێناو ئاشنابوون بە زانیاریی نوێ، میدیا لە کوردستان گۆڕانکاریی گەورەی لە ژیانی خەڵکدا دروست کرد، کاریگەریی هەبوو بەسەر بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵگە لە زۆر ڕووەوە، سەرجەم مۆدێلەکانی ڕاگەیاندن دەتوانێت کاریگەری دروست بکات؛ بەڵام ئەوەی ئاسان‌تر و خێراتر دەگات، ڕۆڵ و کاریگەریی زیاترە، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نایەت کە ئێمە جۆرەکانی دیکەی میدیا لەبیر بکەین، چونکە هەموو مۆدێل و شێوازەکان کاریگەری و سوودی خۆیان هەیە.

**پ٢: ڕێژەی بەشداریی ژنان لە دەزگا میدیاییەکان‌دا بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئایا ئەنجامەکان دڵخۆشکەرن؟**

ئاڤان فارس: بەشداریی ژنان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بە بەراوەرد لەگەڵ ڕابردوو گۆڕانکاریی گەورەی بەسەر هاتووە، ڕێژەکە زیادی کردووە بەڵام دڵخۆشکەر نییە، چونکە ئەو زۆربوونی ڕێژەیە کاریگەریی نەبووە لەسەر سیاسەتی دامەزراوەکە، بە هۆی ئەوەی ژنان لە داموودەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ناوەندی بڕیاردان‌دا نین و پێگەی ژنان لەو حاستەدا نییە کە پلان و ستراتێژی دابرێژن، بەڵکوو زیاتر وەک جێبەجێکار کەڵکیان لێ وەردەگیرێت؛ گەرچی ئێستا بە هۆی هەبوونی بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان و خول و ڕاهێنانی زۆر، ژنی ڕاگەیاندنکار توانایە و ئاستی زانستی و ئاکادێمیی زۆر بەرزە.

**پ٣: بە پێی هەڵسەنگاندنەکانتان، ژنانی میدیاکار یان ڕۆژنامەنووس زیاتر لە چ بابەتێکی میدیایی‌دا توانیویانە سەرکەوتوو بن؟**

ئاڤان فارس: ژنانی میدیاکار لە ڕووی خزمەت‌کردن و خستنەڕووی بابەتەکانی تایبەت بە دۆزی ژنان و بەربەستەکانی بەر دەم ژنان سەرکەوتوو بوون، چونکە کێشەکان وردتر دەبینن و هەستیارن بەرانبەر بەو کێشانە؛ ئەگەرچی خۆم لەو باوەڕەدام کە ژنان لە میدیادا دەتوانن لە سەرجەم بوار و بابەت و گۆشەکان‌دا کار بکەن و سەرکەوتوو بن.

**پ٤: وەک دەزانین ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژێ ژمارەی دەزگا میدیاییەکان (چاپکراو، بیسراو و بینراو) ڕوو لە زیادبوونە و کاتێک باس لە ڕۆڵی ژنان لە میدیا دەکەین مەبەستمان تەنیا ڕۆڵی ژنان لە بواری ڕۆژنامەوانی‌دا نییە؛ ژنان چەندە لە بەڕێوەبردن و بەرپرسیارەتیی وەرگرتن لە بەشە گرینگەکانی دەزگا میدیاییەکان ڕۆڵ دەگێڕن یاخود ڕۆڵیان پێ دەدرێ؟**

ئاڤان فارس: لە وەڵامی پرسیاری پێشوو، باسی بەشێک لە هۆکارەکانم کرد. لەبەرئەوەی میدیا لە کوردستان هێشتا نەبۆتە کلتوور، بەم هۆکارەوە هەمان ئەو ئەقڵییەتەی لە کوردستان چۆن بیر لە ژن دەکاتەوە لە ناو دامەزراوەکەش بەم شێوەیە بیری لێ دەکاتەوە. وای دەبینێ ژن تاقەت و توانای بەڕێوەبردنی ئەرکی قورس و سەختی نییە، بۆیە تەنها لە کاروبارە لاوەکییەکان و بەرنامە لاوەکییەکان ڕۆڵی پێ دەدات؛ سەرەڕای ئەوەش لە




زۆر کەناڵ ژنانی توانا و بەهێزمان هەیە بە هۆی بەردەوامی و پێداگیریی خۆیان توانیویانە بەرپرسیارێتیی هەستیار و باش وەربگرن، بەڵام هێشتا ژمارەیان و گۆڕانکارییەکە جێگەی دڵخۆشی نییە.

**پ٥: گەلێک بەربەست هەیە لە کارکردن لە دەزگا میدیاییەکاندا بەتایبەتی بۆ ژنانی میدیاکار، ئەم بەربەستانە چەندە توانیویانە ئامانجی خۆیان بپێکن لەمەڕ لاوازکردنی بەشداریی ژنان یاخود ئەرک و ڕۆڵی ژنان بەگشتی لە هەموو بوارەکانی میدیادا؟**

ئاڤان فارس: کارکردن لە بواری میدیا بۆ هەر دوو ڕەگەز هاسان نییە، بەتایبەت لە سەردەمی خێرایی و پێشکەوتنی بەردەوام؛ لەگەڵ ئەوەش بەربەستەکانی بەر دەم کارکردنی ژنان لە میدیادا زیاترە بە هۆی هۆکاری کلتووری و خودی و دامەزراوەیی، نەبوونی سیاسەت و ستراتیژیی تایبەت بە دامەزراوەکانی میدیا و بایەخدان بە پریس جێندەر.

**پ٦: ژنان چەندە توانیویانە لە ڕێگەی بەکارهێنانی میدیا، بەشداریکردن لە میدیادا بەگشتی، لەسەر بابەتی میدیایی پێوەندیدار بە پرسی ژنان کار بکەن و بتوانن دۆزی ژنان میدیایی بکەنەوە؟**

ئاڤان فارس: لە ڕاستیدا هەوڵ و کارکردنی ژنان لە میدیاکان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، کاریگەریی گەورەی لەسەر دۆزی ژنان هەبووە، بەشێک لەو گۆڕانکاری و یاسا و بڕیارانەی ئێستا لە کوردستان هەیە، پشتبەستنی ژنان و ڕێکخراوەکانی ژنان بووە بە میدیا لە هەڵمەتاکانیان و ڕووماڵکردنی پرسەکە، بۆیە زۆر گرینگە بەردەوامی بەو هۆکارانە بدەین کە کاریگەرییان هەبووە لەسەر دۆزی ژنان، کە میدیا یەکێک لە پێشەنگەکانە.

**پ٧: ئایا ئەم بەشداریکردنە زۆرەی ژنان لە ئێستادا لە میدیاکان بۆتە هۆکارێک کە ژنان بتوانن لە کۆمەڵگەدا پێگەی خۆیان بەهێز بکەن؟**

ئاڤان فارس: بەدڵنیاییەوە میدیا کاریگەریی هەیە لەسەر گۆڕانکاری لە ژیانی خەڵک، ئاراستە و بیرکردنەوەی کۆمەڵگەش سەبارەت بە ژن گۆڕاوە، نیشاندانی بەهرە و توانای ژنان لە سەرجەم بوارەکان و خستنەڕووی چیرۆکی سەرکەوتن و هەوڵەکانیان لە ڕێگەی میدیاوە، تێڕوانینی کۆمەڵگەی تا ڕادەیەکی باش گۆڕیوە.

**پ٨: وەک پرسیاری کۆتایی، جەنابتان وەک فمێنیست و ڕۆژنامەنووس و مامۆستایەکی زانکۆ پێتان وایە چی پێویستە بکرێ تاوەکوو کۆمەڵگە بەگشتی لەسەر پرسە گرینگەکانی ژنان و کێشەکانیان هۆشیار بکرێتەوە و ژنان بتوانن باشتر لە میدیادا ڕەنگدانەوەیان هەبێ و کاریگەر بن؟**

ئاڤان فارس: سیاسەتی تایبەت بە ژنان و جێندەر لە نێو بەڕێوەبەرایەتیی میدیاکاندا دابندرێ، بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای لێهاتوویی و کارایی بکرێ، بەرپرسیارێتی بە ژنان بدرێ لە دامەزراوەکانی میدیا لەسەر بنەمای لێهاتوویی پیشەیی و کارامەیی لە هەموو بوارەکاندا، گوتاری ڕق و کینە دەرحەق بە ژنان نەمێنێ، کار لەسەر پرەنسیبەکانی مافی مرۆڤ و ژنان لە ناو کاری میدیایی بکرێ، ئێتیک و مۆراڵی میدیایی بپارێزرێ.

# وەرچەرخانە مێژووییەکانی جێندەر لە ئاوێنەی سینەمای ئێراندا

# لە «فیلمفارسی»یەوە تا سینەمای نافەرمانیی ٢٠٢٥



نەسرین یوسفزادە

لەم وتارەدا بە گەشتێکی شیکارییە بەنێو مێژووی سەدەیەک لە سینەمای ئێراندا بە مەبەستی دەرخستنی ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەی بەسەر وێناکردنی ڕۆڵی «ژن» و چەمکی «بکەربوون»یدا هاتووین. لێرەدا، سەرج دەخەینە سەر ئەوەی چۆن سینەما لە ئامرازێکی سەرمایەداریی پەتییەوە گۆڕدرا بۆ زمانێکی هونەریی پڕ مانای شاراوە لە سەردەمی سانسۆردا و دواجار، لە سالانی ٢٠٢٤ و ٢٠٢٥دا، گەیشتە قۆناغی «سینەمای ژێرزەمینی» و یاخی بوون. ئەم خوێندنەوەیە دەری دەخات کە ژن لە سینەمای ئێراندا لە «بابەتێکی بینراو» و پاسیڤەوە، بووەتە «بکەرێکی سیاسی» کە ناسنامەی خۆی لە دەرەوەی چوارچێوە فەرمییەکان پێناسە دەکاتەوە.

## سەرمایەداریی ڕواڵەتی و قەیرانی ناسنامە لە سینەمای پێش شۆڕشدا

لە دەیەکانی ١٣٤٠ و ١٣٥٠ی هەتاوی، سینەمای ئێران کە زیاتر بە «فیلمفارسی» دەناسرا، ژنی لە نێو جۆرێک لە «دوانەیی دەستکرد»دا قەتیس کردبوو؛ لە لایەکەوە وەک ئامرازێکی سێکسی و بازرگانی بۆ ڕاکێشانی بینەر بەکار دەهات، لە لایەکی دیکەشەوە وەک نوێنەری مۆدێرنیتەیەکی ڕواڵەتی نیشان دەدرا. ئەم وێناکردنە هیچ پێوەندییەکی بە ژیانی قووڵی ژنی ئێرانییەوە نەبوو. پۆشاکی ئازاد و شێوازی ژیانی ڕۆژئاوایی لەم فیلمانەدا تەنیا دەمامکێک بوو بۆ شاردنەوەی ئەو پیاوسالارییە ڕەگ داکوتاوەی کە ژنی وەک «کالا» دەبینی نەک وەک مرۆڤێکی خاوەن بیر و ئیرادە.

سینەما تەنیا پەردەیەکی زێوین و جووڵەداری وێنەکان نییە؛ بەڵکو، ئاوێنەیەکە کە تێیدا هەناسە و ئازارە کپکراوەکانی مرۆڤ ڕەنگ دەداتەوە. کاتێک سەیری مێژووی سینەمای ئێران دەکەین، ئەوەی دەیبینین تەنیا گۆڕانی تەکنیک و ڕەنگ نییە، بەڵکو، چیرۆکی پڕ لە هەوراز و نشێوی «ژن»ێکە کە دەیهەوێت لەنێو ژاوەژاوی مێژوودا دەنگی خۆی بدۆزێتەوە. لە ڕابردووەوە تا ئێستا، ئەم سینەمایە گێڕەرەوەی خەمی دایکان، خەونی کچان و هاواری بێدەنگی ئەو ژنانەیە کە لە نێوان نەریت و مۆدێرنیتەدا و لە دنیایەکدا کە سەرمایەداری باڵی بەسەر هونەردا کێشاوە، گیرییان کردووە.

پێش شۆڕشی ١٣٥٧، ژنان لەسەر پەردەی سینەمادا تەنیا بووکەڵەیەکی جوان بوون بۆ ڕازاندنەوەی دنیای پیاوان؛ جەستەیان ئازاد و ڕۆحیان دیل بوو. سەردەمی هێماکان؛ داهێنان لە کاتی گەمارۆدا بە ڕوودانی وەرچەرخانی ١٣٥٧ و سەپاندنی یاسا نوێیەکان، سینەمای ئێران ڕووبەڕووی بەربەستێکی گەورە بووەوە. لێرەدا، «سانسۆر» هەرچەندە بوارە فیزیکییەکانی بەرتەسک کردەوە، بەڵام بووە هۆی سەرهەڵدانی زمانێکی هونەریی بەهێز. دەرهێنەرەکان فێربوون چۆن لە ڕێگەی نیگا، بێدەنگی و هێماکانی نێو سروشتەوە، جیهانی نێوەوەی ژن وێنا بکەن. حیجاب بوو بە دیوارێک، بەڵام ژنانی سینەماکار بڕیاریان دا ئەم دیوارە بکەن بە دەرفەتێک بۆ ئەوەی بڵێن: «ئێمە تەنیا جەستە نین، ئێمە خاوەنی بیر و هەستین»، لەم ساتەوە سینەما بوو بە زمانی ئاماژەکان. کاتێک دەرهێنەر نەیدەتوانی هاواری ژنێک نیشان بدات، فرمێسکەکانی دەکردە هێمایەک بۆ گڕکانی ناخی.

باشترین نموونەی ئەم قۆناغە، فیلمی «باشو، غەریبەی بچووک»ی بەهرام بەیزاییە. کارەکتەری «نایی» چی تر ئەو ژنە نییە کە تەنیا ڕۆڵی جوانی بگێڕێت، بەڵکوو دەبێتە پارێزەری زەوی و ژیان لە غیابی پیاودا. سوسەن تەسلیمی، لەم فیلمەدا، تەنیا ڕۆڵی نەدەگێڕا، بەڵکوو ئەو دایکە بەهێزە بوو کە لە نێو ئاگری شەڕ و تەنیاییدا باوەشی بۆ منداڵێکی بێ پەنا دەکردەوە ئەوە بوو سەرەتای کۆچ کردنی ژن لە پەڕاوێزەوە بۆ ناوەندی بڕیاردان دەستی پێکرد.

## سینەمای کۆمەڵایەتی و ململانێ لەگەڵ تابۆکان

دەیەی ٧٠ و ٨٠، سەردەمی محەممەدی خاتەمی، ١٣٧٦ – ١٣٨٤، بە خاڵی وەرچەرخان و قۆناغێکی زێڕین دادەنرێت. لە سایەی کرانەوەی فەزای سیاسی و کولتووری لە سەردەمی «ئیسلاحات»دا، سینەما لە چوارچێوەی کلێشەکانی جەنگ دەرچوو و بەرەو «سینەمای کۆمەڵایەتی و ڕەخنەگرانە» هەنگاوی نا. سینەماکاران بە بوێرییەکی زیاترەوە دەستیان بۆ بابەتە هەستیارەکانی وەک مافی ژنان، ئەوین و ڕەخنە لە دەسەڵات برد. هەر لەم سەردەمەشدا بوو کە فیلمەکانی بەهمەنی قوبادی، دەرهێنەری کورد، چوونە سەر پەردە و جیهانی بوون . هاوکات سینەما



بوو بە سەکۆیەک بۆ ڕەخنەگرتن لە یاسا مەدەنییەکان.
تەهمینە میلانی، بە گوتارێکی فێمینیستیی ڕاشکاوەوە، لە فیلمەکانی «دوو ژن»، «کاردانەوەی پێنجەم» و «ژنی زیادی»، تیشکی خستە سەر ئەو دیوارە یاسایی و نەریتییانەی کە ڕێ گرن لە گەشەی ژن. کاتێک نیکی کەریمی لە «دوو ژن»دا ڕۆڵی کچێک دەگێڕێت کە خەونەکانی لەژێر پێی پیاوسالاریدا دەشێلدرێن، بینەر هەست بە خنکانی هەزاران کچی بەهرەمەند دەکات. لەلایەکی دیکەوە، پووران درەخشەندە بە سینەمایەکی بەرپرسیارەوە هاتە مەیدان. فیلمی «هیس! کچەکان هاوار ناکەن»، تەنیا چیرۆکێک نەبوو، بەڵکوو دەنگێکی بوێر بوو بۆ ئەو کچانەی ڕوحیان دەستدرێژی کراوەتە سەر و فێر کراون بێدەنگ بن. درەخشەندە پێی گوتین ئازاری ئەم کچانە ئازاری هەموو مرۆڤایەتییە. لەم قۆناغەدا، ژن فێری کردین کە دەتوانێت لەنێو دادگاکان و ماڵە ساردەکاندا بەرگری لە کەرامەتی خۆی بکات. فیلمەکانی «پوران دەرەخشەندە، دەرهێنەر و سینەماکاری ناسراوی ئێرانی، بە قووڵ بوونەوە لە کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان دەناسرێنەوە و هەمیشە هەوڵ دەدەن دەنگی ئەو چین و توێژانە بن کە لە کۆمەڵگەدا پشتگوێ خراون. ئەم هونەرمەندە لە بەرهەمەکانیدا وەک «پەرەندەی بچووکی خۆشبەختی»، «منداڵانی ئەبەدی»، بەتایبەتی، فیلمی کاریگەری «هیس! کچەکان هاوار ناکەن»، تیشک دەخاتە سەر بابەت گەلی هەستیار وەک کێشەکانی پەروەردە، ناتوانایی جەستەیی، گرفتەکانی لاوان و توندوتیژی دژی ژنان. سینەمای درەخشەندە سینەمایەکی ڕیالیستی و بەرپرسیارە کە تێیدا هەوڵ دەدات لە ڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆکی کاریگەرەوە، بینەر بە ئاگا بهێنێتەوە و ڕێگەی چارە بۆ برینە کۆمەڵایەتییەکان پێشنیار بکات.
دواتر، لە سینەمای ئەسغەر فەرهادیدا، گۆڕانکارییەکە چووە ئاستێکی قووڵتر. لە فیلمی «جیابوونەوەی نادر لە سیمین»، دەبینین کە ژن (سیمین) بۆ پاراستنی داهاتووی نەوەی دوای خۆی، سڵ لە شکاندنی بنەماکانی خێزان ناکاتەوە. لێرەدا «بڕیاردانی ژن» دەبێتە بزوێنەری سەرەکی، کە نیشانەی گەیشتنی ژنە بە سەربەخۆیی فیکری.

## سینەمای ٢٠٢٥؛ بەژێرزەمینی کردن و یاخی بوون

«ژن، ژیان، ئازادی» لە ساڵی ٢٠٢٢دا، تەنیا ڕووداوێکی سیاسی نەبوو، بەڵکو، بوومەلەرزەیەک بوو لە بنەماکانی سینەمای ئێراندا. کاتێک «تەرانە عەلیدووستی» وێنەی بێ حیجابیی خۆی بە دروشمی کوردیی «ژن، ژیان، ئازادی»یەوە بڵاو کردەوە، یان، کاتێک «ئێلناز شاکردوست» هاواری کرد «سینەما موڵکی خەڵکە»، ئەوە دەنگی هونەرمەندانێک بوو کە نایانەوێت چی تر درۆ لەگەڵ ڕۆحی خۆیان بکەن. هەڵوێستی کەتایون ڕیاحی، هەنگامە قازیانی و ئەوانی دیکە، زەمینەی بۆ ساڵانی ٢٠٢٤ و ٢٠٢٥ خۆش کرد کە بە «سینەمای ژێرزەمینی» و «نافەرمانیی مەدەنی» دەناسرێن.
ئەمڕۆ سینەماکاران چی تر چاوەڕێی مۆڵەتی «وەزارەتی ئێرشاد» ناکەن. لابردنی حیجابی زۆرەملێ لە فیلمەکاندا، «گەڕاندنەوەی ڕاستی»یە بۆ بەرکامێرا. فیلمی «تۆوی پیرۆزی هەنجیر» (٢٠٢٤)ی محەممەد ڕەسووڵۆف، وێنەیەکی ڕاشکاوی ئەم شەڕە نوێیەیە. لە ئێستادا (٢٠٢٥)، جەستەی ژن لە سینەمای ئێراندا بووەتە شوێنی ململانێیەکی سیاسیی قووڵ. ئەو ئەکتەرانەی باجی قورسیان دا، سنووری نێوان «ڕۆڵ» و «ژیانی ڕاستەقینە»یان سڕییەوە و سەلماندیان کە سینەما چیتر ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی وێناکردنی «ژنی ملکەچ».

## ئاکام

کۆچکردنی سینەمای ئێران لە «فیلمفارسی»یەوە بۆ «سینەمای ژێرزەمینیی ٢٠٢٥»، گەشتێکە لە «کاڵابوون»ەوە بۆ «سوبژەبوون» و «بکەری». ئەگەر لە ڕابردوودا، ژن وەک ئامرازێک بۆ فرۆشی فیلم دەبینرا، ئەمڕۆ ژن خۆی دەبێتە گێڕەرەوەی چیرۆکی خۆی بۆ گۆڕینی جیهان. سینەمای ئێستای ئێران، دەنگی ڕاستەقینەی شەقامە و نیشانی دەدات کە حیجاب چیتر تەنیا پارچەقوماشێک نییە، بەڵکو، هێڵی جیاکەرەوەی نێوان «هونەری دەوڵەتی» و «هونەری ڕزگاریخوازی»یە.

# شیٚعری ژنانە

## ئاوڕدانەوەیەک لە ژنانی شاعیر

**دڵنیا سەقز**

ئەدەب، لە هەموو کاتدا، تەنیا بە دنگی پیاوان نەنووسراوە، بەڵکوو ژنانی شاعیر بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداریان کردووە لە ژیان و هەوڵی ئازادی لە نێو نووسینەکانیدا. شاعیرانی ژن، هەموو کات، بە هەستێکی ژنانە دەنووسن، وشە و وێنەسازیان بە شێوەیەکی نزیک بە ژیانی ڕۆژانە و ئازارە ژنانەکانیانە. بەرهەم هاتنی ژنانی شاعیر لە کوردستان بە هۆی هەڵوێستی جیاواز، کاریگەریی گرینگی لە گەشەی ئەدەبی کوردیدا هەبووە و هەروەها لە گۆڕانی ئەو داب و نەریتانەی کە لە کۆمەڵگەی سوونەتیدا سەبارەت بە ژنانی هەیە. نووسینی ژنانە، بە تایبەتی لە جۆری شاعیرانە، لە کوردستان یەکێکە لە نیشانەکانی گەشەی فکری و کولتووری. ئەم نووسینانە تەنیا دەربڕینی هەست نییە، بەڵکوو هەڵوێست گرتن و شەڕکردنە بۆ بەدەستهێنانی مافە ئینسانییەکانی خۆیان. نووسینی ژنانە هەوڵێکە بۆ شکاندنی ئەو سنوورانەی کە ژنی تێدا سنووردار کراوە. ژن بە نووسینی شیعر هاواری گەیاندووەتە ئەوپەڕ سنوورەکانی کە ئەوی تێدا سنووردار کراوە.

شیعرەکانی ژنان، زۆر جار، نزیکە بە ژیانی ڕۆژانەیانەوە و هەڵوێستە لە بەرامبەر بەو غەدرانەی کە ڕۆژانە کۆمەڵگەی پیاوسالار لێی دەکات. هەر ئەو هەستە جیاوازە وای کردوە ئەگەر ژن لەنێو شیعرەکانیدا ئیشارە بە هیچ جیاوازییەکی ڕەگەزی خۆی نەکات دیسان هەر بە نووسینەکەی دەتوانی بزانی ژنێک شیعرەکەی نووسیوە یان پیاو.

نووسینی ژنانە کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووە لە ئاگادارکردنەوەی ئەو کۆمەڵگە لەبارەی، کە دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگە هەنگاوی خێراتر بنێت بۆ یەکسانی و هاوبەشی.

**شلێر ڕەشیدی لە شیعرێکدا دەڵێت:**

نوقمم لە زێرابی تاریک
پڕم لە بۆگەنی وێستان
لێوەکانم سووتان بە نەوتنی ئەو هێلانەی سوورن
چەقم بەستووە لە نێوانی ئەو سنوورانەی دەستکردن
ئێستە نەخۆشێکی بناوبێری وەرهەم هڵێناوم
لە شێوازی شاعیرێکی ڕەشخواز
حەزم لە سەفەرە
خاڵی سوور ببەزێنی و
پڕ بە کۆشکی فڕین بێمەوە بۆ بێچوەکان

هەر لەم شیعرەدا دەتوانی ئەو سنوورانە دەستنیشان بکەی بۆ ئەوەی تێ بگەی کە ژن تا چ ڕادەیەک لە خۆبوون دوور بووە، یان ئەو هێڵە سوورانەی کە بووەتە هۆی ئەوەی کە ژنێک تێیدا ڕەشخواز بێت، ژنێک کە ئاواتی هەڵفرینە بۆ خۆی و بۆ بێچوەکانی (ش.ر) هاوار دەڵێ:

ئەتۆ لە زێدت ئاوارەی
ئەمن لە خۆم
من لە ئەزموونی ناسنامەیەکی گۆڕاوم
ئەمن دیاردەی دیاسپۆرام
نا نا خودی سپۆرام
من نەخشە کلیلی واتای
دیاسپۆرام ...

وەک چۆن دەق نهێنیەکانی نووسەرەکەی دەدرکێنێت، هەر وا وڵامی ئەو پرسیارەش دەداتەوە کە نووسەری دەقەکە ژنە یان پیاو؟ کەسایەتی هەموو نووسەرێکیش بە بەرهەمەکانیانەوە دەناسرێتەوە. بۆیە، ڕوانینی ژن بۆ دنیا و ژیان زۆر جیاوازە لە ڕوانینی پیاو... بۆ وێنە، لە شیعردا، ژن کە باس لە خۆشەویستی دەکات لە چەکی جەستە دوورە تا بە کەرەستە ڕۆحییەکەی بە پیاوان بسەلمێنێت کە خۆشەویستی لای ئەو گەلێک لە جەستە بەنرخترە، بەڵام لای پیاو، خۆشەویستی تەنیا لە جەستەدا دەبینرێت و بە بەژن و باڵا و بە خەت و خاڵیدا هەڵدەڵێ.

ویرجینا ڤۆڵف دەڵێت: «نووسینی هەر ژنێک هەمیشە ژنانەیە، ناتوانێت ژنانە نەبێت. مەبەستی ئەو، ئەوە نییە کە دژی پیاوان دەنووسێت، بەڵکوو دەیەوێت ئەوە بڵێت کە شێوەی بیرکردنەوەی ژنان و پیاوان زۆر لێک جیاوازن و جهانبینی ئەو دو ڕەگەزە جیاوازە. بۆ نموونە،

**دڵسۆز حەمە دەڵێ:**

لە من زیاتر ئەم تفەنگە باوەش دەگرێ
نە دەتوانێ ماچت بکات، نە منداڵێ بخاتەوە

**شۆعلە بەیگزادە دەڵێ:**

ئەم شۆستە لە بیریەتی
شۆڕەبییەک هات و وتی:
کراسێکی مەیلەوزەردی
لە هەتاوی تێکەڵ دەریام بۆت بڕیوە
باڵندەیەک پزیشک هات و پەیمانی بەست
زامی دەردی ژن تیمار کات
کوا هەڵئەگرێ لە ڕێڕەوی تاریکی تۆ
شاعیرێکی بیرڕەنگینی
سەر گواڵەی سەربەستی پیاسە بکات

جیاوازی نێوان ئەدەبی ژنانە و ئەدەبی پیاوانە ئەوەیە؛ ئەدەبی ژنانە ولاتێکە داگیرکراو و ئەدەبی پیاوانە ولاتێکە داگیرکەر. ئەدەبی پیاوانە، باخێکە لە ناو شاردا، ئەدەبی ژنانە، زوونێکە لەو کێوانە و تەنیا ژنان بەو زوونە ئاشنان.

ئەوانەی وای بۆ دەچن بەردی بناغەی گوتاری ژنانە هێنانە قسەی جەستەیە، بە هەڵەدا دەچن، چونکە نووسین لای ژنان هاواری روحە نەک لەش. برێک لە شاعیر و نووسەرە بە نێوبانگەکان بەوە بە ناوبانگن کە لە بری ژن دەنووسن. وەک نیزار قەبانی و شێرزاد حەسەن و هانیان دەدەن. بەلام ئایا پیاو با شارەزاش بن لە ناخی ئافرەتان، دەتوانێت ببێتە زمانحاڵی ژن؟

شێرزاد لەچەن چیرۆکدا، بوێرانە ئازار و ئارەزووەکانی ژن دەهێنێتە گۆ، بەلام وەک چۆن دەقێکی فارسی با نووسەرەکەی کوردیش بێت و باس لە کوردستان بکات هەر دەکەوێتە ژێر رەشماڵی ئەدەبی فارسییەوە. بۆیە نووسینەکانی ئەو کەسانە، گوتاری پیاوانە، نەک ژنانە.

لە نێو ئەو دەق و شیعرانەی کە ژنان دەیاننووسن، جۆرێک ململانێ دەکەن، بۆ ئەوەی لەوە زیاتر داگیر نەکرێن و ناسنامەیان لێ نەستێننەوە. کە واتە، ژن کاتێ شیعر دەنووسێ لە بەرگریدایە لەگەڵ ئەو هێزەی کە پیاوی کردووەتە پوزای بۆ ئەوەی خۆی نەبێت، چونکە پیاویش لە کۆمەڵگەی سوونەتیدا لە ژێر هەژموونی مێژوودا بووەتە داگیرکەر و بە هۆی ئەو داب و نەریتانەوە، ئەدەبێ پارێزەری بیر و هۆش و جەستەی ژن بێت، لەبەر ئەوەی سەرەوەری لێ نەستێنێتەوە. وەک دەزانین ژن لە کۆمەڵگەی سوونەتیدا دولابێکە بۆ داپۆشانی شەرەفی پیاو، تەنانەت ئەگەر پیاوەکە بێ ئەخلاقترین مرۆڤیش بێت.

هەر بۆیە لە شیعری ژندا (من)ێک هەیە و زوڵالانە دێتە گۆ و بە دەنگی بەرز هەموو پاساوی پیاوسالاری بێ بەها و بێ بنەما نیشان دەدات. ئەو (من)ە لە پیاوان دەپرسێتەوە و پرسیاری ژن بوونی دەکات کە بۆچی چارەنووسی ژیانی ئەبێ بە دەستی پیاو بێت؟ بۆ وەک کالایەک سەیری دەکرێ و بە لۆژیکی عەیبە، هاوسەنگیان لە نێو کۆمەڵگەدا شێواوە.

**شۆعلە بیگزادە دەڵێ:**

دە تویش برۆ و دڵنیا بە
بەشی فرێنم ناکەی
ئەوین لا من شاری خۆرە
تۆ لێی ناگەی ...

ژن هەوڵی داوە لانیکەم لە شیعرەکانیدا خۆی بێت، نەک ئەو هێزەی کە خۆی بە رەسەنتر دەزانێ. هاتنە مەیدانی ژن، وەک شاعیر، هەوڵێکە بۆ نووسینەوەی خۆی بە گشتی و گوزارشتێکە بۆ ئازارەکانی کە بە درێژایی مێژوو بە سەریدا سەپاوە.

**(ش . ر) هاوار دەڵێ:**

وا هەرەس هاتووە بە سەردا کێوەکان ئێوەش وەرن
تەرمی وێرانەی دڵم بۆ گۆڕی بێدەنگی بەرن
سەد سکالا ناشتووە لەم شارە سووتاوەی دلا
ئاسەوارناسی دەوێ تا داد و پەردووی لابەرن

شیعری ژنانە بەرەنگاربوونەوەی ژنە لە بەرامبەر هزری پیاوسالاری و پیاوانە و نەریتیدا، بۆیە زۆربەی پیاوان هەوڵ دەدەن بەری وشیاری ژنان بگرن و بڵێن: نووسینی ژنانە نووسینێکی کەم بایەخە بۆ ئەوەی دەزانن نووسینی ژنانە شۆرشێکی نەرمە بۆ بنبرکردنی ئەو جینایەتەی کە بە ناوی رەگەزەوە ژنی ژێردەستە کردووە.

**شلێر رەشیدی دەڵێ:**

قەتیس نەبم
هەنبانەیەک لەو برینە مێینانەی
کە تۆ نەبووی
گرکانی ناخی هەڵدام و هەرەسی مەرگی پێ هێناوم
بۆت بێنم و تۆ وەکوو شاخێکی مەزن
خەمەکانم بکەیتە توێژاڵی سووک و بەربای دەیت
و رزگارم کەیت

پیاو کە دەنووسێت بیرکردنەوەی باوکی بە سەریدا زاڵە و دایکی فەرامۆش دەکات، بەلام ژن با لە ژێر کاریگەریەتی دایکیشیدا بێت باوکی هەر لە یادە.

**شۆعلە بیگزادە دەڵێ:**

ئەو دیوارەی دراوسێمان
بەرانبەر بە خۆرنشین
هەڵی دەچنێ
لە تورمەی چاوەروانی منە ـ بۆ تۆ

داهێنانی وەک نووسین، تا دێ پێویستیی مرۆڤ بە هێزی ماسوولکە کەم دەکەنەوە، تا دێ بوونی هێزی عەقڵی و دەروونی دەکەن بە پێشمەرجی گەیشتن بە گەشە و پێشکەوتن و خۆسەلماندن. زانستی فکری بووەتە پێویستییەک بۆ بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگە، بۆیە، لە کوردستانیش بەهۆی هاتنە مەیدانی ژنان لە هەموو روویەکەوە بووەتە هۆی ئەوەی لە کوردستان هەنگاوێکی پەتوتر و خێراتر بنێت بۆ ئەوەی ئەم سنووری خێڵەکی و سوننەتی و داب ونەریتانە تێپەرێنین. بۆ ئەوەی پرسی بە کوێلەکردنی ژن و پرسی «شەرەف»، کە بە هەڵە کۆدگوزاری کراوە، بسرێتەوە و ژنان بزانن کە جەستەیان شەرەفی خۆیانە، پێویستە شەرەف لە جەستە و دەروونی خۆیانە و خۆیان پێویستە مامەڵەی باشی ئینسانی لەگەڵ بکەن و پیاوانیش بزانن کە شەرەفی ئەوان ئاکاری باش و خراپی خۆیانە و خۆیان پێویستە شەرەف لە جەستە و دەروونی خۆیاندا پەیدا بکەن. بۆیە، شیعر دەنگێکە، لە سەرچاوەی ناخی شاعیرەوە هەڵدەقوولێت و ئەرکە سەرکییەکانی خۆی بیر دێنێتەوە. ئەو شیعرە لێناگەرێ شاعیر چاو لە ناپاکی و تاوان بپۆشێت. ئەگەر شیعر نەبوایە شاعیریش سەری بۆ سوڵتانی ئەمری واقیع نەوی دەکرد. ئەوە شیعرە بوار نادات شاعیر ماڵی بکرێت. بۆیە شیعری ژنانە بوت شکێن بووە. تابۆ ناناسێت و بەگژ واقیعدا دەچێتەوە. لە شیعری ژنانەدا وشەکان لەژێر باری دژواری کەلتووری دێریندا رەنگی مردوویان لێ نەناشتووە. زرپ و زیندوون، نانالێنن، گۆرانی دەڵێن.

**بۆیە شلێر رەشیدی دەڵێ:**

ئەکرێ پەیکێ لەو شەرابەی دەسبەسەرهێناتیە خەت
پۆستی کەی با هێندە سەرخۆش بم لە بەر پێتا کەوم
جا «بەرادەر» بێن کەلەبچەم کەن گوناهم ریز کەن
پێ بکەنم پێیان بڵێم چیتان دەوێ؟ من هەر ئەوم

ژێدەر:
شەرەفنامە (مهاباد قەرەداغی)
قوڵپی پێکەنین (حەمە سەعید حەسەن)
ئینتەرنێت
کەڵک وەرگرتن لە شیعری سێ شاعیری سەقزی:
شۆعلە بیگزادە، (ش.ر) هاوار، شلێر رەشیدی

# ژنان و سۆشیامیدیا

## پێناسەکردنەوەی ناسنامە و گۆڕەپانی نوێی بەرگری



ئەژین حسەینی

پێشەکی

لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا، سۆشیالمیدیا بووەتە یەکێک لە بەهێزترین ئامرازەکانی پێوەندی کردن، زانیاری دان و بەرهەمهێنانی گوتار، ئەم گۆڕەپانە، بەتایبەتی، بۆ ژنان لەو کۆمەڵگەیانەی کە ڕووبەڕووی سنووردارکردنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دەبنەوە، نەک تەنیا گۆڕەپانێکی پەیوەندییە، بەڵکو «مەیدانێکی بەرگری بۆ پێناسەکردنەوەی ناسنامە»یە.

ژنانی کوردستانیش، وەک شوێنەکانی تری جیهان، توانیویانە بە بەشداربوون لەم مەیدانە و کەڵکوەرگرتن لە سۆشیال-میدیا، سنوورە سەپێنراوەکان تێکبشکێنن و لە بوارە گشتی و سیاسییەکاندا ڕۆڵی چالاکتر بگێڕن.

لەم وتارەدا تیشک خراوەتە سەر ڕۆڵی ژنانی کورد لە فەزای دیجیتاڵ و ڕەهەندە جیاوازەکانی وەک پێناسەکردنەوەی ناسنامە، ڕۆڵی ژنان لە بزووتنەوە مەدەنییەکان، توانای جیهانگیرکردنی دەنگی ژنان، هەروەها، ئاستەنگ و هەڕەشەکانی ئەم مەیدانە بۆ سەر ژنان.

### تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان وەک ئامرازی بەرخۆدانی ژنان

لە کۆمەڵگە پیاوسالار و حکوومەتە دیکتاتۆرییەکاندا میدیا باوەکان، زۆرجار، دەنگی ژنان پشتگوێ دەخەن، یان، بە شێوازێکی کلیشەیی بڵاوی دەکەنەوە. هەربۆیە، یەکێک لە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی سۆشیالمیدیا بۆ ژنانی کورد، دەرخستنی ئەو چەواشەکارییە و شکاندنی ئەم وێنە کلیشەییەیە کە لەلایەن میدیای حکوومەتییەوە سەپێندراوە.

ژنان لە ساڵانی ڕابردوودا لە ڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان وەک ئینستاگرام، فەیسبووک و تویتەر توانیویانە دەنگی خۆیان سەبارەت بە ژیانی ڕۆژانە، بەرخۆدانی سیاسی، خەبات دژی هەڵاواردنی ڕەگەزی و بەشداری خویان لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان بە جیهان بگەیەنن.

### پێناسەکردنەوەی ناسنامەی ژنی کورد لە فەزای دیجیتاڵیدا

یەکێک لە دەستکەوتە بنەڕەتییەکانی بوونی ژنانی کورد لە سۆشیالمیدیا، پێناسەکردنەوەی ناسنامەی ژنانەیە لە چوارچێوەی گشتیدا. ژنی کورد ئیتر تەنیا لە چوارچێوەی ڕۆڵە خێزانی و نەریتییەکاندا کە میدیای حکوومەت نیشانی داوە، پێناسە ناکرێتەوە، بەڵکو، وەک چالاکوانێکی کۆمەڵایەتی، چالاکێکی سیاسی، ڕۆژنامەنووس، نووسەر و سەرکردەیەکی مەدەنیش دەردەکەوێت. ئەم پێناسەکردنەوەی ناسنامەیە، کاریگەرییەکی گرینگی لەسەر نەوەی نوێ و چینی لاو هەبووە. کچان و ژنانی گەنجی کورد لە ڕێگەی بەدواداچوون بۆ چالاکییەکانی ژنانی چالاک لە سۆشیالمیدیادا، شێوازگەلێکی نوێی ژنبوونی بەرگری کار و چالاک ئەزموون دەکەن. ئەوان تێدەگەن کە ژن بوون واتای سنووردارکردن نییە، بەڵکو دەتوانێت واتای سەرکردایەتی، گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و وەستانەوە دژی ستەم بێت.

جگە لەمە، پێناسەکردنەوەی ناسنامەی ژنی کورد لە فەزای دیجیتاڵیدا بە دروستکردنی گوتاری نوێ، وێنەی کۆمەڵگە و شێوازی بیرکردنەوە بە نیسبەت ژنانەوە دەگۆڕێت. ئەم گۆڕانکارییە نەک تەنیا لە ئاستی فەرهەنگیدا، بەڵکو لە ئاستی سیاسیشدا ڕەنگدانەوەی هەیە و یارمەتیدەرە بۆ ڕەوایەتی دان بە ژنان لە بوارەکانی بڕیاردان و بەشداری مەدەنی. بەم شێوەیە، سۆشیالمیدیا بووەتە ئامرازێک بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی ناوخۆیی و دووبارە بنیاتنانەوەی ناسنامەی ژنانە لە کوردستاندا.

خەباتی نەتەوەیی ژنانی کورد و بڵاوبوونەوەی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا یەکێک لە دیارترین ڕەهەندەکانی چالاکیی ژنانی کورد، ئامادەبوونی چالاکانەیان لە بۆنە نەتەوەییەکاندا وەک جەژنی نەورۆز، بۆنە سیاسییەکان و ڕێوڕەسمە فەرهەنگییەکانە. لەم بۆنانەدا، ژنان بە جل وبەرگی کوردییەوە نەک تەنیا ڕۆڵی فەرهەنگی، بەڵکو، ڕۆڵی سیاسییش دەگێڕن. ئامادەبوونیان لەم جۆرە بۆنانەدا ئەو ڕاستییە بیردەهێنێتەوە کە ژنان بەشێکی دانەبڕاو لە خەباتی نەتەوەیی کوردستانن و ئازادی ژنان و ئازادی گەل، بەشێوەیەکی دانەبڕاو پێکەوە گرێ دراون.

دونیای دیجیتاڵ ئەم ئامادەبوونەی چەندین قات دیارتر کردووە. وێنە و ڤیدیۆی ژنانی کورد لە جەژنەکانی نەورۆز یان کۆبوونەوە نەتەوەییەکاندا، بەخێرایی لە تۆڕەکانی وەک ئینستاگرام و تویتەر بڵاودەبنەوە و کاردانەوەیەکی بەرفراوانیان

دەبێت. ئەم دەرکەوتنە، هێماکانی ناسنامەیی و فەرهەنگی وەک جل وبەرگی کوردی و ئامادەبوونی بەهێزی ژنان و درۆشمە نەتەوەییەکانی ژنان دەکاتە بەشێک لە گوتاری جیهانی. بەم شێوەیە، ڕێوڕەسمە نەتەوەیی و ناسنامەییەکان دەبنە پلاتفۆرمێک بۆ ناساندنی ناسنامە و بەرخۆدانی ژنانی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کە جگە لە ڕەهەندی فەرهەنگی، باری سیاسییشی هەیە. بەشداری ژنان لە بۆنە نەتەوەییەکاندا بە شێوازێک بەرخۆدان دژی سەرکوتی سیاسییە و ڕەنگدانەوە و بە میدیایی بوونی ئەم بەرخۆدانە، ڕەوایەتی خەباتی ژنان بەهێز دەکات و دەنگیان لە دەرەوەی سنوورە جوگرافیاییەکانی کوردستان بڵاو دەکاتەوە.

## بزووتنەوەی ژنان و ڕێکخستن لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان

لە ساڵانی ڕابردوودا سۆشیالمیدیا ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕێکخستنی بزووتنەوەی ژنان لە کوردستاندا گێڕاوە. زۆرێک لە بزووتنەوە مەدەنییەکان و کۆبوونەوەی نارەزایەتی دەربرین کە لە ساڵانی ڕابردوودا دروستبوون، سەرچاوە و هێزی بزوێنەری سەرەکی خۆیان لە جیهانی دیجیتاڵییەوە وەرگرتووە. ئەم مەیدانە توانای پەیوەندی خێرا، بەرفراوان و ڕاستەوخۆ دابین دەکات؛ تایبەتمەندییەک کە لە کۆمەڵگا لەژێر گوشار و سەرکوتدا گرنگییەکی دوو هێندەی هەیە. بۆ نموونە، کەمپینەکان دژی «کوشتن بە بیانووی شەرەف» یان«توندوتیژی دژی ژنان» توانیویانە کاریگەرییەکی زۆر لەسەر بیروڕای گشتی دروست بکەن. بڵاوکردنەوەی دەنگی قوربانیانی توندوتیژی، یان، ڤیدیۆی نارەزایەتییەکان بووەتە هۆی هەستیاربوونەوەی کۆمەڵایەتی و تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا گوشار خراوەتە سەر دامەزراوە حکوومەتییەکان، بۆ نموونە، لە کەیسی شلێر ڕەسووڵیدا لە مەریوان.

بەم شێوەیە، سۆشیالمیدیا لە مەیدانێکی تاکەکەسییەوە گۆڕاوە بۆ پلاتفۆرمێکی گشتی بۆ بەرخۆدان و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی. جگە لە نارەزایەتییەکان، ژنانی کورد لە جیهانی دیجیتاڵیدا بۆ پەروەردە و هۆشیارکردنەوەش کەڵک وەردەگرن، بڵاوکردنەوەی بابەتە پەروەردەیییەکان لە بواری مافی ژنان، تەندروستی و بەهێزکردنی ئابووری ژنان بەشێکە لەم پرۆسەیە. ئەم هەنگاوانە نیشان دەدەن کە سۆشیال میدیا نەک تەنیا بۆ نارەزایەتی، بەڵکو بۆ دووبارە بنیات-نانەوەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیش بەکاردێت.

## جیهانگیرکردنی دەنگی ژنانی کورد

یەکێک لە تایبەتمەندییە بەهێزەکانی سۆشیالمیدیا، توانای تێپەڕاندنی سنوورە جوغرافیاییەکان و دروست کردنی پێوەندی لەنێوان بزووتنەوە نەتەوەیی و جیهانییەکانە. ژنانی کورد بە کەڵک وەرگرتن لەم توانایە، توانیویانە دەنگی خۆیان بە دونیای دەرەوە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگەیەنن و هەر لەم ڕێگایەوە ژنان لە بزووتنەوە فیمینیستییە جیهانییەکانەوە پشتیوانی خۆیان لە ژنانی کورد دەرببڕن.

پەیوەندی ژنانی کورد لەگەڵ چالاکوانانی ژن لە وڵاتانی تردا، بەستێنی گۆڕینەوەی ئەزموونەکان، هاودەنگی و یەک-گرتنی نێودەوڵەتی دابین کردووە. ئەم یەکگرتنە نەک تەنیا شەرعیەتی خەباتی ژنانی کورد بەهێز دەکات، بەڵکو گوشار دەخاتە سەر حکوومەتەکان بۆ وەڵام دانەوەی داواکارییەکانی ژنان. سۆشیالمیدیا لەم بوارەدا، پردێکی لە نێوان خەباتە نەتەوەییەکان و بزووتنەوە جیهانییەکاندا دروست کردووە و جگە لە یەکگرتن، بە جیهانگیرکردنی دەنگی ژنانی کورد، ڕێگەی داوە کە ڕاستییەکانی خۆیان لە بەرامبەر چەواشەکاریی میدیای حکوومەتی بخەنە ڕوو و توانیویانە سەرنجی جیهانیان بۆ کێشەکانی ژنانی کورد ڕاکێشن و پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنن.

## ئاستەنگ و هەڕەشەکانی سەر ژنان لە جیهانی دیجیتاڵیدا

سەرەڕای دەرفەتەکان، ژنانی کورد لە جیهانی دیجیتاڵدا، ڕووبەڕووی هەڕەشەی جددیش بوونەتەوە؛ چاودێری و سانسۆری حکوومەتی، هێرشە سایبەرییەکان، ئازار و توندوتیژی ئۆنلاین، و بەکارهێنانی ئامرازیی وێنەی ژنان بۆ لەنێوبردنی کەسایەتی، لەو ئاستەنگانەن کە لەم مەیدانەدا لە سەر ڕێگای ژنانن.

لەلایەکی ترەوە، گوشارە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانیش کاریگەرییان لەسەر چالاکی ژنان لە جیهانی دیجیتاڵیدا هەیە. نەریتە کۆنەکان و کۆنترۆڵی خێزان، ژنان ناچار بە سانسۆرکردن یان سنووردارکردنی چالاکییەکانیان دەکەن. جگە لەمە، هەڵاواردن و کلیشە ڕەگەزییەکان هێشتا لە چالاکییەکانی ژنان لە سۆشیالمیدیا بوونیان هەیە؛ شوێنێک کە ژنان زۆرجار وەک ئامرازێکی بانگەشەیی یان بە شێوازێکی کلیشەیی نمایش دەکرێن. ئەم دۆخە نیشان دەدات کە فەزای دیجیتاڵی هەرچەند دەرفەتێکی بۆ ژنان دروست کردووە، بەڵام، هێشتا مەیدانێکی پڕ مەترسی و نایەکسانە بۆیان.

## ڕێگەچارە و پێشنیازەکان

بۆ ئەوەی فەزای دیجیتاڵ ببێتە ژینگەیەکی ئەمنتر و بەهێزتر بۆ ژنان، سەرەتا پێویستە سەرنج بخرێتە سەر پەروەردە و خوێندەواری دیجیتاڵی و فێرکردنی ئەمنیەتی سایبەری. ژنان، پێویستیان بە فێرکاری کردەیی سەبارەت بە پاراستنی داتا، بەڕێوەبردنی هەژمارە ئۆنلاینەکان و ناسینەوەی هەڕەشە سایبەرییەکان هەیە. هەروەها، پشتیوانی لە ژنان لە ڕێگەی بەرهەم هێنانی ناوەڕۆک، چ فەرهەنگی، پەروەردەیی یان کۆمەڵایەتی بێت، دەتوانێت یارمەتی دەر بێت بۆ گۆڕینی کلیشەکان و بەهێزکردنی دەنگی سەربەخۆییان. تەنیا بەم ڕێگەچارە و پێشنیازانە دەتواندرێت ئەم فەزایە بکرێتە پلاتفۆرمێکی ڕاستەقینە، ئازاد و بەتوانا بۆ ژنان.

## دەرئەنجام

بوونی ژنانی کورد لە سۆشیالمیدیادا لە دەیەکانی ڕابردوودا بووەتە فاکتێکی گرینگ، هەروەها، بووەتە هۆی گۆڕانکاریی لە پێگەی ژنان، بەشێوەیەک کە ژنان توانیویانە بۆ شکاندنی کلیشەکان، پێناسەکردنەوەی ناسنامەی ژنانە، نارەزایەتی و ڕێکخستنی بزووتنەوە مەدەنییەکان و جیهانگیرکردنی دەنگی خۆیان لەم پانتاییەدا کەڵک وەرگرن. ئێستا سۆشیالمیدیا، نەک تەنیا ئامرازێکی پەیوەندییە، بەڵکوو، گۆڕەپانی خەباتێکە بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و بەرخۆدانی سیاسی ژنانی کورد. لەگەڵ ئەوەشدا، هەڕەشە و ئاستەنگەکان هەر بەردەوامن؛ سانسۆر، توندوتیژی دیجیتاڵی و نایەکسانییە بنەڕەتییەکان ڕێگرن لە بەشداریکردنی یەکسانی ژنان لەم بوارەدا. بۆیە، بزووتنەوەی ژنانی کورد لە فەزای دیجیتاڵیدا پێویستی بە پشتیوانییەکی فراوانتر، هەم لە ئاستی نەتەوەیی و هەم جیهانیدا، هەیە.

لە کۆتاییدا، دەکرێ بوترێت کە سۆشیالمیدیا بۆ ژنانی کورد پلاتفۆرمێکی ستراتیژییە بۆ بنیادنانەوەی ناسنامە، دروست-کردنی هاوپشتی و بردنەپێشی خەبات بۆ یەکسانی و دادپەروەری، هەروەها، داهاتووی ئەم خەباتە بەندە لەسەر ئەوەی ژنان تا چەند بتوانن لە ئاستەنگەکان بپەڕێننەوە و بیکەنە دەرفەتێکی بەردەوام بۆ ئازادی و بەهێزکردنی خۆیان.

# قەڵەم: کاتێک وشە دەبێتە ناسنامە و هاواری ژن

باوکی ئەڤین

## پێشەکی
## شکاندنی قەڵغانە هەزار ساڵەییەکەی بێدەنگی

مێژوو بە گێڕانەوە باوەکەی، چیرۆکی سەرکەوتن و شکستەکانی پیاوانە؛ مەرەکەبی قەڵەمەکانیشی تا سەدەیەکی پێش ئێستا، زۆربەی هەرەزۆری پیاوانە بووە. لەم گێڕانەوە گەورەیەدا جیهانی ژن، بە هەموو ئاڵۆزی، هەست، ئازار، هیوا و خەونەکانییەوە وەک کیشوەرێکی نەدۆزراوە و نەخشێنەکراو مابووەوە. بێدەنگیی ژن تەنها نەبوونی دەنگ نەبوو، بەڵکو سیستەمێکی چالاکی کپکردن و پەراوێزخستن بوو کە لە ڕێگەی دابونەریت، ئایین و یاساوە سەپێنرابوو. لەنێو ئەم تاریکییەدا، ژن ئامرازێکی دۆزییەوە کە بچووک بوو لە قەبارەدا، بەڵام هێزێکی شۆڕشگێڕانەی تێدا بوو؛ قەڵەم.

ئەم وتارە گەشتێکە بەنێو ئەو پرۆسەیەدا کە چۆن قەڵەم لە دەستی ژنی کورددا لە ئامرازێکی سادەی نووسینەوە بوو بە ئاوێنەی ڕوح، ژووری چارەسەری، دادگای مێژوو و چەکی داڕشتنەوەی ناسنامە.

ڕەگە مێژووییەکانی بێدەنگی؛ لە لاواندنەوەی زارەکییەوە بۆ قەڵەمی قەدەغەکراو.

پێش ئەوەی قەڵەم ببێتە ئامرازی ژنان، دەنگیان لە فۆرمەکانی تری ئەدەبدا ئامادەیی هەبوو. ژنانی کورد پارێزەری بەشێکی گەورەی ئەدەبی زارەکی بوون؛ چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان، لایلایەکان، بەتایبەت، لاوک و حەیران و بەندەکانی لاواندنەوە. لەم بەرهەمانەدا ژن توانیویەتی خەم و خۆشی و ئازارەکانی خۆی دەرببڕێت. بەڵام، ئەم دەنگە «زارەکی» بوو، بەستراو بە کات و شوێنەوە بوو و هێزی مانەوە و بڵاوبوونەوەی نووسینی نەبوو.

کاتێک نووسین بوو بە ئامرازی سەرەکیی گواستنەوەی زانست و دەسەڵات، بووە قەڵەمڕەوێکی پیاوانە. نووسین پێویستی بە خوێندەوارییەوە هەبوو، خوێندەواریش بۆ ماوەیەکی درێژ مافێکی پیاوانە بوو. هەربۆیە، یەکەم ژنانێک کە قەڵەمیان هەڵگرت تەنها چیرۆکێکیان نەدەنووسی، بەڵکو تابۆیەکی گەورەی کۆمەڵایەتییان دەشکاند و دەچوونە نێو مەیدانێکەوە کە بۆیان قەدەغە کرابوو.

ژووری چارەسەریی دەروونی؛ هەڵکۆڵینی برینەکان لەسەر کاغەز

یەکێک لە یەکەمین و بەهێزترین پاڵنەرەکان بۆ نووسینی ژنان، پێویستیی دەروونی بووە بۆ دەربڕینی ئەو ئازارانەی کە زمانی قسەکردن توانای گواستنەوەی نییە. لە کۆمەڵگەیەکدا کە زۆرجار قسەکردن لەسەر کێشە دەروونی و خێزانییەکان شەرمە، کاغەز و قەڵەم دەبنە ئارامترین و سڵامەتترین شوێن بۆ خۆبەتاڵکردنەوە. دەروونی کردنەوەی زامەکان: نووسین پرۆسەیەکە کە تێیدا ئازارە ناوەکییەکان، شێوەیەکی دەرەکی وەردەگرن. ئەو ئازارەی کە وەک هەورێکی ڕەش لە نێو دەروونی ژندایە، کاتێک دەبێتە وشە، چی تر شتێکی نادیار و ترسناک نییە، بەڵکو، دەکرێت سەیری بکەیت، لێی تێبگەیت و مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت.

خاوەندارییەتی گێڕانەوە؛ کاتێک ژنێک چیرۆکی توندوتیژییەک، کە بەرانبەری کراوە دەنووسێتەوە، ئەو لە دۆخی قوربانییەکی بێدەسەڵاتەوە دەگۆڕێت بۆ شایەتحاڵ و گێڕەرەوەی چیرۆکی خۆی. ئەم گۆڕانە هێزێکی دەروونی گەورەی پێ دەبەخشێت. نووسینەوەی ئازار، یەکەم هەنگاوە بۆ زاڵبوون بەسەریدا.

### لە دیواری ماڵەوە بۆ گۆڕەپانی گشتی

کاتێک «شەخسی» دەبێتە «سیاسی»

قەڵەمی ژن هەرگیز لە چوارچێوەی یاداشتە تایبەتییەکاندا قەتیس نامێنێتەوە. بەهێزترین تایبەتمەندیی نووسینی ژنان ئەوەیە کە ئەزموونە زۆر شەخسییەکان دەگۆڕێت بۆ پرسێکی گشتی و سیاسی.

تۆمارکردنی مێژوویەکی جێگرەوە؛ مێژووی فەرمی باسی ژمارەی کوژراوانی ئەنفال و ناوی سەرکردەکان دەکات، بەڵام قەڵەمی ژنێک باسی چاوەڕوانیی بێکۆتایی ژنێک دەکات کە بیست ساڵە چاوەڕێی گەڕانەوەی هاوسەرەکەیەتی. باسی ئەو دایکە دەکات کە جلەکانی ڕۆڵە ئەنفالکراوەکەی بۆن دەکات. ئەم وردەکارییە مرۆییانە، ڕەهەندێکی دیکە دەدەن بە کارەساتە نیشتمانییەکان و مێژوویەکی زیندوو و هەستپێکراو دەنووسنەوە.

شایەتیدان لەسەر ستەمی سیستەماتیک؛ چیرۆکی کچێک کە لەبەر «پاراستنی شەرەف» دەکوژرێت، کاتێک دەنووسرێتەوە، چیتر تەنیا تاوانێکی نێو یەک خێزان نییە. بەڵکو، دەبێتە بەڵگەیەک



لەسەر بوونی کولتوورێکی توندوتیژ کە ژیان و جەستەی ژن بە موڵکی خۆی دەزانێت. نووسین ئەم تاوانانە لە پەردەی نهێنی دەهێنێتە دەرەوە و دەیانکاتە بەرپرسیارییەتییەکی کۆمەڵایەتی.

## تەواوی شەبەنگی بوون؛ تێپەڕاندنی گێڕانەوەی ئازار

هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر وا بیر بکەینەوە کە قەڵەمی ژن تەنیا بۆ نووسینەوەی ئازارە. بەپێچەوانەوە، یەکێک لە ئەرکە شۆڕشگێڕییەکانی نووسینی ژنان، پیشاندانی تەواوی ڕەهەندەکانی مرۆڤبوونی ژنە، دوور لە وێنەی قوربانی.

## دەربڕینی خۆشی و هیوا:

نووسینی شیعرێکی عاشقانە، چیرۆکێک لەسەر هاوڕێیەتیی دوو ژن، یان وتارێک لەسەر جوانییەکانی سروشت، هەمووی جەختکردنەوەیە لەسەر مافی ژن بۆ هەستکردن بە خۆشی و چێژوەرگرتن لە ژیان.

مەیدانی فکر و فەلسەفە: ژنانی نووسەر بە نووسین لەسەر بابەتە فکری، فەلسەفی و سیاسییەکان، ئەو وێنە باوە دەشکێنن کە گوایە ژن بوونەوەرێکی هەستبزوێنە و عەقڵانییەت تایبەتە بە پیاوان. ئەوان دەیسەلمێنن کە مێشکی ژن توانای داهێنانی لە هەموو بوارەکاندا هەیە.

## جەنگی قەڵەم: بەرەنگاربوونەوە و بەربەستەکان

ئەو ژنەی قەڵەم هەڵدەگرێت، دەچێتە نێو جەنگێکەوە کە چەندین بەرەی هەیە:

بەرەی کۆمەڵایەتی؛ تۆمەتبارکردن بە هەوڵدان بۆ تێکدانی خێزان، بڵاوکردنەوەی بیری «ڕۆژاوایی» و بەلاڕێدابردنی کچان.

### بەرەی خێزانی:

فشاری باوک، برا، یان هاوسەر بۆ خۆسانسۆرکردن و نەنووسین لەسەر بابەتە «هەستیارەکان» لە ترسی «لەکەداربوونی شەرەفی بنەماڵە».

### بەرەی بازاڕی کتێب:

زاڵبوونی عەقڵیەتی پیاوانە لە دەزگاکانی بڵاوکردنەوەدا کە زۆرجار، بەرهەمی ژنان یان پشتگوێ دەخەن، یان داوایان لێ دەکەن ناوەرۆکەکەی «نەرم» بکەنەوە.

بەرەی دەروونی: ئەو شەڕە ناوەکییەی کە خودی ژنەکە لەگەڵ خۆیدا دەیکات؛ ئەو دەنگە ناوەکییەی کە پێی دەڵێت «چیرۆکەکەی تۆ گرنگ نییە» یان «تۆ شایەنی ئەوە نیت بنووسیت».

هێزی خوشکایەتی و شۆڕشی دیجیتاڵی

لە بەرامبەر ئەم بەربەستانەدا، دوو هێزی گەورە بوونەتە پشتیوانی ژنانی **نووسەر:**

**پەیوەندیی خوشکانە:**

ژنانی نووسەر، ڕەخنەگر و خوێنەر، تۆڕێکی بەهێزی پشتیوانییان بۆ یەکتر دروست کردووە. ئەوان دەبنە یەکەم خوێنەری بەرهەمی یەکتر، هاندەری یەکترن و لەبەرامبەر هێرشەکاندا پێکەوە بەرگری لە یەکتر دەکەن.

### شۆڕشی دیجیتاڵی:

پلاتفۆرمەکانی وەک بلۆگ، فەیسبووک و ئینستاگرام، دەروازەی دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی تەقلیدییان شکاندووە. ئێستا هەر ژنێک دەتوانێت بەبێ سانسۆر و بەبێ منەت، نووسینەکانی خۆی بگەیەنێتە هەزاران خوێنەر. ئەمە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە لە هاوکێشەی هێزدا.

## دەرەنجام: قەڵەمێک کە چارەنووس دەنووسێتەوە

قەڵەم لە دەستی ژنی کورددا گەشتێکی درێژی بڕیوە؛ لە چرپەیەکی ناو ژوورە تاریکەکانەوە بۆ هاوارێیەکی بیستراو لە گۆڕەپانی گشتیدا. هەر دێڕێک کە ژنێک دەینووسێت، درزێک دەخاتە دیوارە ئەستوورەکەی بێدەنگییەوە. نووسین چی تر بۆ ژن تەنها خولیا و کات بەسەربردن نییە، بەڵکو، کردەیەکی سیاسی و بوونگەراییە. کردەیەکە بۆ وتنی «من هەم، من بیر دەکەمەوە، من هەست دەکەم و چیرۆکی من شایەنی بیستنە». ئەرکی سەرشانی کۆمەڵگەیەکی زیندووە کە ئەم قەڵەمانە نەشکێنێت، بەڵکو مەرەکەبیان بۆ دابین بکات؛ گوێیان بۆ بگرێت و ڕێگەیان بۆ خۆش بکات. چونکە ئەو کۆمەڵگەیەی ڕێگە بە ژنانی بدات چارەنووسی خۆیان بنووسنەوە، بێگومان چارەنووسێکی گەشتر بۆ هەمووان دەنووسێتەوە.

# دەنگێک لە نێوان سانسۆر و هیوا؛ وگفتوگۆیەک لەگەڵ شنۆ میهرپەروەر

**دیمانە: گۆڤاری ژنان**

**ئەم دیمانە گفتوگۆیەکە لەگەڵ شنۆ میهرپەروەر، ژنێک کە ساڵانێکە میدیا بۆی تەنیا پیشە نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ بەرخۆدان، هۆشیارکردنەوە و گەیاندنی دەنگی ئەوانەی زۆرجار دەنگیان لێ نەدەبیستریێت. لەم گفتوگۆیەدا، میدیا وەک هێزێکی کاریگەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێناسە دەکرێت؛ هێزێک کە لە نێوان سانسۆر، گوشار و هەوڵی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییدا ڕۆڵێکی گرینگی هەیە. شنۆ میهرپەروەر بە شێوەیەکی ڕوون و لەسەر بنەمای ئەزموونی خۆی، دەربارەی ڕۆڵی ژنان لە میدیا، ئاستەنگەکان، هەروەها توانای میدیا بۆ شکاندنی بێدەنگی و دروستکردنی گوتاری نوێی یەکسانیخوازی قسە دەکات. ئەم دیمانەیە هەوڵێکە بۆ پیشاندانی ئەوەی چۆن میدیا دەتوانێ ببێتە سەکۆی داخوازی، هۆشیاری و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەیەکی داخراودا.**
**ئەم گفتوگۆیە تەنیا گێڕانەوەی ئەزموونێکی کەسی نییە، بەڵکو بانگەوازێکە بۆ بیستنی دەنگی ژنان، بۆ باوەڕهێنان بە هێزی وشە و بۆ ئەوەی بزانین هەر دەنگێک، هەرچەندە درەنگ، دەتوانێ جێگەی خۆی بدۆزێتەوە.**

**گۆڤاری ژنان: بەڕێزتان گرینگیی میدیا بۆ ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن پێناسە دەکەن؟**

- لە دونیای ئەمڕۆدا لەگەڵ ئەوەی میدیا تەنیا ئامرازی گەیاندنی زانیارییە، لە هەمان کاتدا بووەتە فاکتەرێک بۆ ڕێکخستنی بیروڕای گشتی و بەستنەوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان بە یەکتر. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەسەرنجدان بە هەل ومەرجی کۆمەڵایەتی-سیاسی و پێگەی تایبەتیی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا، میدیاکان ئەرکێکی قورستریان لە گەیاندنی زانیاری و بەدواداچوونەکاندا هەیە. میدیا دەتوانێ ڕۆڵێکی گرینگی هەبێ لە پاراستن و بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و دەربڕینی داواکارییەکان و سازکردنی پردی پێوەندیی جێی متمانە لە نێوان میدیا و کۆمەڵانی خەڵکدا.

بەهۆی سنوورداربوونی کاری میدیایی لە نێوخۆی وڵات و بوونی سانسۆری توند، ڕۆڵی میدیاکانی دەرەوەی وڵات لە گەیاندنی زانیاریی و بەدواداچوونی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گەلێک گرینگە و بووەتە سەرچاوەی سەرەکیی زانیاری بۆ کۆمەڵگەی کوردستان.

دەتوانین ئەرکەکانی ڕاگەیاندن بۆ ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەمجۆرە

**پۆلینبەندیی بکەین:**

- **پاراستن و بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی**
- **هۆشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی**
- **دروست کردنی هاوپێوەندییی کوردستانی، ناوچەیی و نێودەوڵەتی**
- **بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی**

**گۆڤاری ژنان: ڕۆڵی ژنانی میدیاکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوخۆ و لە دەرەوەی وڵات لە میدیای بینراو و بیسراودا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- ژنان لە میدیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات، لە نوێنەرایەتی کردنی شوناسی کورد و گەیاندنی دەنگی مافخوازانەی گەلی مافخوراوی کورد بە جیهانی دەرەوە، هۆشیارکردنەوە و بەهێزکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی گرینگیان هەیە. بوونی ژنان لە میدیاکاندا نیشانەی خەباتی ئەم توێژەی کۆمەڵگەیە بەرانبەر بە دوو شێوازی ستەم و چەوسانەوە. چەوساندنەوەی نەتەوەیی و چەوساندنەوەی ڕەگەزیی.

ئاسۆی میدیای کوردی پەیوەستە بە ڕۆڵێکی بەرچاوتری ژنان و سەربەخۆیی زیاتریان لە پێکهاتە پیاوسالارییەکان و پەیوەندی قووڵ تر لەگەڵ بزووتنەوە مەدەنییەکان و هەروەها جیهانی دەرەوە.

زۆرێک لە ڕۆژنامەنووسان و نووسەرانی ژن لەگەڵ گرینگیدان بە پرسە نەتەوەییەکان، ڕۆڵێکی کارایان لە بوارەکانی ئەدەبیات، وەرگێڕان و پەروەردەی زمانی کوردیدا هەیە. هەروەها، ئەرکی وشیاریی کۆمەڵگە لە هەنبەر مافەکانی ژنان، ژینگە، توندوتیژیی خێزانی و هەڵاواردنیان کەتووەتە سەرشان. دیارە ئەم ئەرکە گرینگەی ژنان بەبێ ئاستەنگ نەبووە و نابێ، لەوانە سانسۆر و گوشاری هیزە ئەمنییەکان لە نێوخۆی وڵات و لە هەموو گرینگتر، ڕوانگەی پیاوسالارانەی کۆمەڵگە بەرانبەر بە پرسی ژنان لە هەموو ڕوویەکەوەیە.

ژنانی کورد لە دەرەوەی وڵات، بەتایبەتی لە میدیاکان، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە نوێنەرایەتیکردنی پرسی ژنان و گوتاری یەکسانیخوازی هەبووە، ئەم ڕۆڵە لە شۆڕشی ژینادا زۆر بەرچاو بوو و هەرواش بەردەوامە.



**گۆڤاری ژنان: بۆ ئەوەی ژنان بتوانن گرفت و ئازارەکانیان بە کۆمەڵگە ڕابگەیەنن، چۆن دەتوانن کەڵک لە میدیا وەربگرن؟**

– لە جیهانی ئەمڕۆدا میدیا بووەتە یەکێک لە گرینگترین ئامرازەکان بۆ چالاکی لە کۆمەڵگەدا. ژنان، بەتایبەت، لەو کۆمەڵگەیانەی کە ڕووبەڕووی هەڵاواردنی ڕەگەزی و کولتووری دەبنەوە، دەتوانن بۆ نوێنەرایەتی دەنگ و نیگەرانییەکانی خۆیان، سوود لە توانای میدیاکان وەربگرن. ئەمە، بە تایبەت، بۆ ژنانی کورد زۆر گرینگە. ژنان دەتوانن ئەزموونەکانی ژیانیان لە چوارچێوەی بابەت، ڕاپۆرت، فیلمی دێکیۆمێنتاری، پۆدکاست، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا بڵاو بکەنەوە. گێڕانەوەی کەیسی توندوتیژی خێزانی، کێشە ئابووری و کولتوورییەکان نەک تەنیا سنووری بێدەنگی دەشکێنن، بەڵکو کۆمەڵگە لەو نادادپەروەرییانە ئاگادار دەکەنەوە.

یەکێک لە ئەرکە هەرە گرینگەکانی میدیا، گەیاندنی هۆشیارییە. بۆیە ژنان توانیویانە و دەتوانن بە مەبەستی پەروەردەکردن لەسەر مافە یاسایی و کۆمەڵایەتییەکانیان کەڵک لە میدیا وەرگرن. هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە سەبارەت بە تەندروستی، پەروەردە، ژینگە، هەروەها، بە مەبەستی ڕەخنەگرتن لە نەریتی پیاوسالاری و هەڵاواردنی ڕەگەزی.

هەڵمەتێکی لەم شێوەیە یارمەتیدەرە بۆ داڕشتنی گوتاری نوێی یەکسانیخوازی لە کۆمەڵگە و بەهێزکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. بۆیە، ژنانی ڕۆژنامەنووس و چالاکوانانی میدیا دەتوانن دەنگی ژنان بگەیەننە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ.

لە گەڵ سنووردداربوونی میدیا، لە نێوخۆی وڵات، ژنان دەتوانن بەکەڵک وەرگرتن لە ئامرازە دیجیتاڵییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەنگی خۆیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەبێ نێوەندگیری بگەیەننە گوێی کۆمەڵگەدا و هەر لەم ڕێگەیەوە دەتوانن لەگەڵ بزووتنەوەی ژنان لە سەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی پەیوەندی دابمەزرێنن و سوود لە ئەزموونەکان وەربگرن.

بێگومان، ئەم ڕێگایە بێ بەربەست نییە، بەڵام ئەزموونەکان دەریان خستووە کە بە داهێنان و هاودەنگی دەتوانرێت تا ڕادەیەک ئەم بەربەستانە تێپەڕێنرێت.

**گۆڤاری ژنان: ڕۆڵی میدیا لە ڕۆشنبیری خێزانیدا لە چ ئاستێکدایە؟**

– خێزان وەک یەکەم و گرینگترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە گواستنەوەی بەها و نۆرم و شێوازەکانی ژیاندا هەیە. بەڵام، ئەمڕۆش میدیا بووەتە یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکان لە ژیانی مرۆڤەکاندا. پێوەندیی نێوان خێزان و میدیا دەکرێ هەم باش بێ و هەم خراپ! بۆ نموونە دەتوانێت ببێتە هۆی بەهێزبوون یان لاوازبوونی بەهاکانی خێزان.

میدیاکان بە بەرهەمهێنانی بەرنامەی پەروەردەیی و دێکیۆمێنتاری دەتوانن خێزانەکان ئاشنا بکەن بە پرسە گرینگەکانی وەک؛ توانای پەروەردەکردنی منداڵ، پەروەردەی دەروونناسی و تەندروستی دەروونی، مافی ژنان و منداڵان و گرینگیی پەروەردە و یەکسانیی ڕەگەزی.

ئەم هۆشیارییە دەتوانێت ببێتە هۆی باشتربوونی پەیوەندیی خێزانی و کەم کردنەوەی زیانە کۆمەڵایەتییەکان. کاتێک خێزانەکان لە ڕێگەی میدیاوە پەیوەندی لەگەڵ بەها و نۆرمەکانی کۆمەڵگە دەگرن، ناسنامەی کولتوورییان بەهێزتر دەبێت. بەتایبەت، لە کۆمەڵگەی کوردستان کە هەمەجۆریی کولتووری بەرزیان هەیە، میدیا دەتوانێت پردێک بێت لەنێوان نەوەکان بۆ گواستنەوەی میراتی کولتووری. هەروەها میدیا دەتوانێت خێزانەکان هەستیارتر و هۆشیارتر بکاتەوە لەسەر زیانەکانی وەک تووش بوون بە مادەی هۆشبەر، توندوتیژیی خێزانی، دەستدرێژی و هتد...

دەتوانرێ لە میدیا کەڵک وەربگیردرێ بۆ ئەوەی فەزایەک بۆ وروژاندنی پرسیار و نیگەرانییەکانی خێزان دروست بکات و ببێتە سەکۆیەکی گونجاو بۆ بیستنی دەنگی ژنان. هەروەها میدیا جگە لە تواناکانی، دەتوانێت کاریگەریی نەرێنی لەسەر خێزانیش هەبێت. دیارە بەستراوەتەوە بەوەی چۆن بەکاری دێنی و چ سیاسەتێک لە پشت میدیاوە هەیە.

**گۆڤاری ژنان: پرسیاری گرینگ ئەوەیە ژنان لە کۆمەڵگەی داخراودا چۆن دەتوانن داخوازییە ڕەواکانیان بێننە گۆڕێ؟**

– لەو کۆمەڵگەیانەی کە بە سانسۆر و پاوان خوازی و پێکهاتەی پیاوسالاری بەڕێوە دەچن، ژنان ڕووبەڕووی دوو شێواز لە بێدەنگی دەبنەوە: ئەو بێدەنگییەی کە دەسەلات دەیسەپێنێت و ئەو بێدەنگییەی کە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان دەخولقێنێت. بەڵام مێژوو دەریخستووە تەنانەت لە هەل–ومەرجێکی وا دا ژنان توانیویانە لە ڕێگەی داهێنان و هاودەنگی و بەرەنگارییەوە دەنگی خۆیان بگەیەنن. نووسینی بیرەوەری، چیرۆک، شیعر و گێڕانەوەی ئەزموونەکانی ژیان، ڕێگایەکە بۆ دەربڕینی دەنگی ژنان. ئەم ڕێگایە دەتوانێ ببێتە بەشێک لە یادەوەریی بەکۆمەڵ (حافظە جمعی) و کاریگەریی خۆی لە کۆمەڵگەدا هەبێ. لە کۆمەڵگە داخراو و دیکتاتۆرەکاندا کە میدیای فەرمیی لەلایەن دەسەلاتەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، ژنان دەتوانن ئامرازی بەدیل بەکار بهێنن، وەک سۆشیال میدیا و بە گشتیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

ئەم پلاتفۆرمانە ڕێگە دەدەن دەنگی ژنان لەلایەن کۆمەڵگەوە ببیسترێت بەبێ ئەوەی بە فیلتەری دەسەلاتدا تێپەڕێت. هونەر زمانی گشتگیری بەرەنگاربوونەوەیە. ژنان دەتوانن مۆسیقا، وێنەکێشان، شانۆ و سینەما بەکاربهێنن بۆ دەربڕینی خواست و نیگەرانییەکانیان. بەرهەمە هونەرییەکان، بە تایبەت لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا، زۆرجاران دەتوانن سنووری سانسۆر ببەزێنن و زۆرترین کاریگەریی لەسەر بیروڕای گشتی دابنێن.

لێرەدایە کە ژنان پێویستییان بە تۆڕی پشتیوانی هەیە بۆ ئەوەی گوێیان لێ بگیرێت. ئەم تۆڕانە دەتوانن لە شێوەی گرووپی بچووکی ناوخۆیی، ڕێکخراوە مەدەنییەکان، یان پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوە ناوچەیی و جیهانییەکانی ژناندا بن. هێندێک جار دەنگی ژنان لە ژیانی ڕۆژانەدا دەبیسترێت وەک: دەربڕینی نارەزایەتیی بەرامبەر جۆری هەڵاواردنەکان لە شوێنی کاردا و پەروەردەکردنی منداڵان سەبارەت بە یەکسانی نێوان ژنان و پیاواندا. ئەم ڕێکارە بچووک و جیاوازانە لە بەرەنگاربوونەوە، دەبنە بناغەی گۆڕانکاری گەورە لە کۆمەڵگەدا. بەکورتی، دەنگی ژنان لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا دەنگی بەرخۆدان و هیوا و گۆڕانکارییە، دەنگێک کە درەنگ یان زوو سنووری بێدەنگی دەشکێنێت.

**گۆڤاری ژنان: حەز دەکەین بیرەوەرییەکی خۆت کە پێشان بدات چۆن ژن دەتوانێ لە میدیادا خۆی بسەلمێنێ بۆ خوێنەرانمان باس بکەیت؟**

– لە هەر کۆمەڵگەیەکدا میدیا تەنیا ئامرازێک نییە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری، بەڵکو گۆڕەپانی ململانێیە بۆ سەلماندنی هێز و تواناکانی خۆت. بەتایبەت بۆ ژنان ئەم ململانێیە زۆر قورسترە، چونکە دەبێت بەرەنگاری هەڵاواردنی پێکهاتەیی و بۆچوونی پیاوسالاری و سنووردارکردنی کۆمەڵایەتی ببێتەوە. بەڵام ئەزموونەکان دەریدەخات ئەو ژنانەی چوونەتە گۆڕەپانی میدیاوە نەک هەر توانیویانە خۆیان بسەلمێنن، بەڵکو ڕێخۆشکەر بوون بۆ ئەوەی کۆمەڵگە زیاتر دەنگی ژنان ببیستێ.

لە ساڵی ٢٠٠١ وەک پێشکەشکار و ئامادەکاری بەرنامە لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کاری میدیاییم بەشێوەی پورۆفیشناڵ دەست پێکرد. لە میدیای بیستراوی حیزبێکی شۆڕشگێر و خۆشەویستی کۆمەڵانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان فێر بووم زیاتر متمانەم بەخۆ بێ و لەوێ فێربووم کە دەنگی ژن دەتوانێت ڕوون، بەهێز و کاریگەر بێت. دوای چەند ساڵ کارکردن لە ڕادیۆ، وەک بێژەری هەواڵەکان، پاشان بۆ ماوەی پێنج ساڵان لە کوردستان تیڤی و میدیای بینراو بەردەوام بووم و نزیکەی پێنج ساڵ لەو بوارەدا ڕاستەوخۆ کارم کرد و ئەزموونم وەرگرت. فەزای تەلەفزیۆن گشتی و چالاکتر بوو. سەرەتا زۆر زەحمەت بوو، بەڵام بە تێپەڕبوونی ماوەیەکی کورت و بە مکوڕبوون و جددی بوون لەسەر کارەکەم، توانیم متمانەی بینەر بەدەست بێنم. لە ڕاستیدا تەلەفزیۆن نیشانی دا کە ئەگەر ژنێک بە هێز و تواناوە لە میدیاکان دەربکەوێت، کۆمەڵگە وردە وردە وەک سەرچاوەیەکی هەواڵ وەری–دەگرێت.

دوای نیشتەجێ بوونم لە تاراوگە، لە کوردکاناڵ لە کاری میدیایی بەردەوام بووم. ئەمجارە بەرپرسیارێتییەکی قورسترم لە ئەستۆیە: ڕەنگدانەوەی دەنگی ئەو ژنانەم کە ڕێگەیان پێنادرێ لەنێوخۆی وڵاتدا دەنگی مافخوازانەیان هەڵبڕن.

لەگەڵ فراوانبوونی فەزای مەجازی، بڕیارمدا چالاکییەکانم لە سۆشیالمیدیاشدا پەرە پێ بدەم. ئەم فەزایە ڕێگەی پێدام ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ ژناندا بگرم و چیرۆکەکانیان ببیستم و دەنگە بێدەنگەکانیان بگەیەنم بە کۆمەڵگە. سۆشیالمیدیا لەگەڵ ئەوەی بوو بە ئامرازێک کە پەیامەکانی منی بڵاو دەکردەوە، لە هەمان کاتدا ئیلهام–بەخش بوو بۆ ژنانی دیکە کە بەبێ ترس چیرۆکەکانیان بگێڕنەوە.

بەکورتی، بەپێی ئەزموونی چەندین ساڵەم لە کاری میدیاییدا، ژنان دەتوانن لە میدیاکاندا خۆیان بسەلمێنن، نەک بە لاسایی کردنەوەی پیاوان، بەڵکو بە پشتبەستن بە توانا و داهێنان و کۆڵنەدانی خۆیان. لە ڕادیۆوە بۆ تەلەفزیۆن و دواتر بۆ سۆشیالمیدیا، ئەم ڕێگایە پڕ بووە لە ئاڵەنگاری، بەڵام گەیشتم بە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر ئەویش ئەوە بوو؛ دەنگی ژن هەرچەندە سەرکوت بکرێ یان پشتگوێ بخرێ، درەنگ یان زوو جێگەی خۆی لە کۆمەڵگەدا دەدۆزێتەوە. ئەمڕۆ میدیا سەکۆیەکە بۆ شکاندنی ئەو بێدەنگییەی کە ژنان چەندین سەدەیە هەڵیانگرتووە. چ ژن چ پیاو، هەرکام لە ئاست خۆیەوە بە هۆی پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆژیا لە ماڵی خۆیەوە بووەتە پەیامنێر، ئامادەکار و پێشکەشکار. ئێمەیش لەم سەردەمەی بەجیهانی بوونە و کاریگەرییەکانی، دەکرێ بڵێم، لەم قافڵەیە ئەگەر زۆر باش نەچووبینە پێش، لانیکەم، بەجێ نەماوین.

# پێناسەی پەیڤکاتۆر و چەند پەیڤکاتۆر



مستەفا فەقێ

پەیڤکاتۆر وشەیەکی لێکدراوە و لە لایەن خالۆ ڕەئووفەوە لە دوو وشەی پەیڤ+کاریکاتۆر دروست کراوە.

کاریکاتۆر (بە فەرانسەیی caricature) لە وشەی Caricaturaی ئیتالیاییەوە وەرگیراوە. ئەم وشەیە لە فرمانی caricare وە وەرگیراوە و بە واتای کێشانی وێنەیە بە شێوەیەک کە پێکەنینهێنەر بێت

پەیڤکاتۆر دەقگەلێکی پەخشانیی سادە، کورت و تەنزاوی یا گاڵتەداری ئەدەبیی مەیلەو کاریکاتۆڕن، واتە ئەو کاریکاتۆڕانەن کە لە باتیی هێڵ، بە ڕستە دروستکراون.

پەیڤکاتۆر یا تەنزە یان گاڵتەکردنێکی تێدایە، یا بە کەڵکوەرگرتن لە یاریگەلی زمانی، واتاگەلێکی دوور لە زەین و سەرنجراکێشی تێدا ئەخولقێ و سەرەڕای ئەوەی شێعر نییە، هەندێجار شان لە شانی شێعر ئەدا، هەندێجار وەکوو پەند و مەتەڵێکی جوان دەر ئەکەوێ و هەندێجاریش جوانکاریی وای تێدایە کە وەک تابلۆیەکی خۆشنووسی، یا دێڕە شیعرێک، لە کاتی بیستن یا بینیندا چێژ بە بەردەنگ ئەدا. بە کورتی پەیڤکاتۆر ئەو ڕستە و پەیڤانەن، کە کاریکاتۆر جمەی دێ تیایاندا.

خەتی چاوەکەت شاکارە لە سەر تەختی دڵم
تینی نیگات فێنکم ئەکاتەوە

بەدیتنی فیشی ئاو، تف لە زاریدا وشک بوو.

شانەکانی بەجێما لەسەرما
شانەکانی ڕوا لەسەرما

موشتەری زۆرە قەننادی، «زمانخۆش».

تۆزێ تاریکیمان دەس ناکەوێ، بیکەینە داڵدەی ئەم گشتە ڕووناکییە!

یاریزانی برسی لە خولی
وەرزشیدا هەر»خولی ئەخوارد!»

کۆڵبەری پووڵخوراو، ئەستەم «کۆڵ ئەدا»...

چیا لە ئاگرا بوو، بەڵام جەرگی دایکی نیشتمان سووت...

دەردە ئاسانە، دەرمانم چەتوون.

ژنێک قژی بەشانەی گڕ، دائەهێنێ.

دڵی مەڕ دائەخات گورگی دەم کراوە.

جلوبەرگی ژنیان دا بە شوو، ژنی سەردەم

ڕووناکی خستە دڵ، چرای پێنووس

بەچاوی بیناوە کوێرانە ئەڕوانێ

دایم دەسبەسەر بوو، بۆ ئەوە کڵاوێ نەچێتە سەری...
سەری هەڵگرت، لەبەر ئەوەی کڵاوەکەی با نەیبات...

سەنگی مەحەکە ڕووی تەڵای دەرخس

بازێ بێکارە، هاودەمی بایەقوشە.

ئازادی، پشتێنمان پێ ئەکاتەوە.

لە داوێنی نیشتمانا، ئاڵا باڵا ئەکات...

لە ناو شەوی زولفتدا، خەرمانەی داوە مانگی ڕووت

بەچاوی بویناوە، حافزانە ئەڕوانێ.

شادی لە زجر و ئازاردا، گەورە دەبێ

بیری هەر لە لای تاوڵە بوو قوماربازی دەردەدار...

لە ڕۆژێ ڕەشدا شێعری سپی دەنووسم

گەڵا سکاڵا لە دار ئەکا، بە حوکمی پاییز

بە هاتنی پاییز دەرفەتەکانی هاوین لەدەست چوو

پاییز خەمۆکی پێوە دیارە، شاعیر دەڵێ

# پرسی ژنان لە ئەدەبیاتی کوردیدا:

## لە مێژووی کۆنەوە هەتا ئەدەبی مودێڕن

ژوان

**لەسەر ڕۆڵی ژنانی نووسەر، لە ئەدەبیاتی کوردیدا، هەروا کە ڕوون و ئاشکرایە، ئەدەبیات لە هەموو وڵاتێکدا یەکەمین گۆڕەپانێکە ژنان هەوڵیان داوە خۆیان بنوێنن و باسی کێشە تایبەتەکانی ژنان و کۆمەڵگە و ئەو خاڵە ناکۆکییەکانەی ژیان بکەن وەکوو نووسەر. بێگۆمان، ژنی کورد لە کۆمەڵگای کوردیدا ڕۆڵی گرینگ و تۆخی هەمیشەیی هەبووە و بە شێوازگەلێک خۆی لە بوارەکانی ئابووری، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و هتد... .**

**پێشەکی**

پرسی ژنان، یەکێکە لەو بابەتانەی لە هەموو کات و هەموو شوێنێکدا باسی لێوە دەکرێت. لە کۆمەڵگەی کوردیدا ژن تەنیا بە شێوەی کەسێکی خانەوادە و ژینگەوە ناوەندی نەماوە، بەڵکو، لە مێژووی درێژ و لە کەلتووری خۆڕاگەیی کوردیدا بڕیار و دەنگی تایبەتی هەبووە. ئەدەبیاتی کوردی کە یەکێکە لە گرنگترین ئامرازە کەلتوورییەکان هەموو کات دەق و و تارێکی تایبەتی پێشکەش کردووە لەبارەی ژنان. لە چیرۆک، هەڵبەست، شیعر و ڕوونووسی ڕۆمانەکاندا ژن بە شێوەیەکی جیاواز، بەتایبەتی، وەک ئاوێنەیەک بۆ نیشاندانی ژیان، ئازاری کۆمەڵایەتی، خۆشەویستی و خەیاڵی ئازادی هاتووەتە بەرچاو.

مام هێمن وتەنی:

**من تەشیرێسێکی وەک شیرنی وەفاییم بۆ چییە**

**کیژی ئازا و چاوکراوەی فێرەزانینم دەوێ**

لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێت پرسی ژنان لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە سێ پەنجەی مێژووی کۆن، ئەدەبی کۆن و ئەدەبی مودێڕن بە زانیاری و نموونە باس بکرێت.

**بەشی سەرەکی**

**١: ژن لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا**

لە چیرۆکەکاندا ژن، زۆر جار، وەک هەڵسەنگێنەر، وەک ئافرەتێک کە خەریکی چاکسازییە یان خەریکی پێوەندیدان بە ئازادی و خۆشەویستییە نیشان دەدرێت. داستانی «خەج و سیامەند» و «مەم و زین» نموونەیەکی دیارە کە ژن، بە لەناوچوونی ئەو داستانانە، تەنیا کەسێکی پەسیڤ نییە، بەڵکو هەوڵی ئەنجام دانی خۆشەویستی و ئازادی دەدات. هەروەها، لە چیرۆکە باوەکانی کوردیدا ژنان بەڵگەیەکی مێژووییان هەبووە وەک مامەڵەکانیان لە چیرۆکەکاندا.

**٢: ژنان لە شیعر و هەڵبەستی کوردیدا**

لە هەڵبەستی کوردیدا، زۆر جار، ژنان وەک ئەرکی ژیان یان مێژووی خەباتی نیشتمان نیشان دەدرێن. لە هەڵبەسی کەسانی وەک «مەلا پەرێشان» یان «مەلا جزیری»دا ژن جێگای تایبەتی خۆی هەیە؛ لەبری خوێنەر یان ئایدیالێکی ئازادی و خۆشەویستی. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ژن و شوێنی ژن زۆر جار بەهۆی هەڵبەستوان و نووسەرانی بەرەی نوێوە، بە شێوەیەکی سیاسی - کۆمەڵایەتی وەک مەوزووعی سەرەکی دەرکەوت.

شیعرەکانی «هەژار» و «عەبدوڵڵا پەشێو» نیشان دەدەن چۆن ژن و کێشەکانی بەشێوەیەکی هەڵکەوتووی نوێ ماوە. بۆ نموونە؛ هەژار ژن دەناسێنێت وەک مێژووی خەبات و بەهێزبوون، پەشێو ژن دەبینێت وەک دەنگی خەبات و ماف.

**٣: ژنان و نووسەرانی ژن لە ئەدەبی مودێڕندا**

لە نێو سەدەی بیستەمدا زانیاری و ڕۆڵی نووسەرانی ژن بەرچاو دەبێت. نووسەرانی وەک «شیرین فایق» و ژنانێکی تر بەشی تایبەتیان

بە پرسی ژنان بۆ ماوە. ئێمە لە ڕۆمان و چیرۆکانیاندا تێکۆشانی ژن و هەستەکانیان دەبینین کە زۆرجار پەیوەندی بە کێشەی خێزان، ژینگە و کۆمەڵگەی پیاوسالار هەیە.

نووسەرانی ژن ئەدەبیاتی کوردیان بۆ ئاستێکی تر پەرە پێدا. چونکە خۆیان بە بەرپرسی نیشاندانی ئازاری تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی دەر دەخەن. ئەو نووسەرانە هەوڵیان داوە ژنان بگەڕێننەوە بۆ ناوەندی ئەدەب و کولتوور.

لەسەر ڕۆڵی ژنانی نووسەر، لە ئەدەبیاتی کوردیدا، هەروا کە ڕوون و ئاشکرایە، ئەدەبیات لە هەموو وڵاتێکدا یەکەمین گۆڕەپانێکە ژنان هەوڵیان داوە خۆیان بنوێنن و باسی کێشە تایبەتەکانی ژنان و کۆمەڵگە و ئەو خاڵە ناکۆکییەکانەی ژیان بکەن وەکوو نووسەر. بێگومان، ژنی کورد لە کۆمەڵگای کوردیدا ڕۆڵی گرینگ و تۆخی هەمیشەیی هەبووە و بە شێوازگەلێک خۆی لە بوارەکانی ئابووری، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و هتد... دەرخستوە. تەنانەت لە کاتی شەڕەکاندا ڕۆڵی گرینگی هەبووە. لە سەردەمی نوێدا ژنانی خوێندەوار لە هەر بوارێکدا دەردەکەون. دەبێ ئەوەیش لەبەر چاو بگرین بزاڤی ئێستای ئەدەبیاتی ژنان پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ شارستانییەتی کۆمەڵگەدا هەیە. بێگومان هەر سیستەمێکی زاڵ بەسەر کۆمەڵگەدا پێناسەی ژن دەکات، واتە لە هێندێک کۆمەڵگەدا ژن لەسەر بیری پیاوانەدا پێناسە دەکرێ و سنووری بۆ دانراوە. ئەم شێوازە دەبێتە هۆکاری نزم بوونی ڕۆڵی ژن کە وەکوو خۆی دەر نەکەوێت تا وەکوو شێوەزاری خۆی بنووسێت. ئەگەرچیش قەڵەم بەدەست بووە لە خزمەتی تاقمێکدا بووە کە ئەم شێوازە لە مێژووی ژنانی ئەدیبدا بەرچاوە و بەتایبەت ئەو ژنانەی کە لە بنەماڵە دەرەکییەکاندا هاتنە گۆڕەپانی ئەدەبدا وەکوو پیاوان لە نووسین دەرکەوتن.

لە سەدەی نوێدا ژنانێک کە لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا وەکوو چینی هەژار هاتنە ئەم گۆڕەپانە باشتر توانیویانە کەم و کورتییەکانی کۆمەڵگە و کێشەکانی ژنان باس بکەن کە بە پێست و ئیسقان هەستیان پێ کردووە.

بەگشتی ژنان لەبەر هەندێ سنوور، نەیانتوانیوە ئەدەبیاتێکی ژنانەی بەرچاو بنیات بنێن، وەکوو کێشەی خێزان و کۆمەڵایەتی و... هتد. بە ڕای من، بە هۆی دووپات بوونەوەی مێژووی کۆسپ و بەربەستەکانی ژنان بەتایبەت ژنانی ئەدیب، دەبێتە کەم کارکردنیان و کێشەکانی نووسینیان سنووردارتر دەبێتەوە.

ئاشکرایە ئەدەبی سەربەخۆ دەبێتە گەشەسەندنی قەڵەمی ژنان کە دەتوانین بڵێین شێوازێکی نوێ و ژنانە دەردەخەن و ژنی ئەدیب لە لاسایی کردنەوەی پیاو دەرباز دەبێت. چەمکی زمانی ژنانە و ژنانەنووسی لە حەفتاکاندا و پاش بڵاوبوونەوەی کتێبی «ژوورێک بۆ خۆت»و لە نووسینی «ڤیرجینیا وۆڵف» لە ئەورووپادا سەری هەڵدا و گەشەی سەند، هەرچەند کە ئەمڕۆ لە ڕۆژاوادا بە یەکێک لە بابەتە فەرامۆشکراوەکان هەژمار دەکرێت، بەڵام، هەنووکە یەکێک لە جددیترین داڵغەکانی ژنە نووسەرانی وڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکانە. زمانی ژنانە پتر لەوەی کە باس لە بەکارهێنانی زمان بە شێوازە گشتییەکەی (چنین و هەڵبژاردنی وشەکان) بکات، جیهانبینییەکی تایبەت بە ژنان دەخاتە بەر باس. وۆڵف، وەکوو یەکێک لەو کەسانەی بوێریی ئەوەی هەبووە بۆ یەکەم جار لەو بارەیەوە قسە بکات، لە کتێبەکانی «سێ گینی» و «ژوورێک بۆ خۆت»دا بە وردی پێداچوونەوەی لەسەر جیاوازیی نێوان جیهانبینیی ژن و پیاو کردووە. جگە لە مەش، ڕخنەگرانی هان داوە تاکوو بە شێوازێکی تایبەت لێکۆڵینەوە لەسەر ئەدەبیاتی ژنان بکەن و بە دۆزینەوەی تایبەتمەندییە دووبارەبووەکان، لە هۆکاری جیاوازیی ڕوانگەی نووسەرانی ژن و پیاو تێ بگەن.

پرسی ژنان تەنیا بابەتی خانەوادەیی یان ژینگەیی نییە، بەڵکو، بەهۆی ئەدەبدا نیشان دراوە و ڕوون کردنەوەی مافە مرۆییەکانە. لە زۆر شیعر و چیرۆکیدا، ژن، دەربڕاوە وەک دەنگێکی گشتی کە پێویستە لە کۆمەڵگەی کوردیدا بگەڕێندرێتەوە بۆ شوێنی خۆی.




**کۆتایی:**

لە کۆتاییدا، پرسی ژنان لە ئەدەبیاتی کوردیدا بابەتێکی زۆر گرنگە، چونکە ئەدەب و کولتوورە بۆمان وەک ئاوێنەیەک خزمەت دەکات بۆ بینینی ڕەوشتی کۆمەڵگە و کێشەکانی مرۆڤ. لە مێژووەوە هەتا ئەدەبی مۆدێرن، ژن و شوێنی ئەو بە شێوەیەکی هەتایی وەک خۆشەویست، هێز، دەنگی خەبات، و بەهێزبونی کۆمەڵایەتی نیشان دراوە. ئێستا بەوەی کە نووسەرانی ژن خۆیان بەشدارن لە ئەدەب، دەبینین نیشاندانی کێشە و ئازاری ژنان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆتر و دروستتر دەردەکەوێت. ئەوە هەوڵێکە بۆ ئەوەی پرسی ژنان بگەڕێندرێتەوە بۆ ناوەندی توێژینەوە. بۆیە ئەدەبیاتی کوردی بەکارهاتووە وەک مەیدانی توێژینەوە بۆ هەست، خەیاڵ و هەوڵی ژنان و پیاوان، بە تایبەتی، هەوڵی ژنان بۆ گەیشتن بە ئازادی و مافەکانی مرۆڤ.

# ژنانەنووسین یان نووسینی ژنان

گوڵاڵە ئیبراهیمی

ڕەوایەت یان گێڕانەوە، تان و پۆی دەقی وێژەیی و ئەدەبییە. ڕۆمان و چیرۆک دەقی ئەدەبین. دەق و وێژە بەشێکن لە دنیای چەند ڕەهەند و ئاڵۆز کە ئەبنە هۆی بەرینی ڕوانگە، وا کە ئیتر دنیا تەنیا لە دەلاقەی بەرتەسکی بینین مانەوە چاو لێ نەکەین. ئەدەبیات و وێژەی سەردەم بە هۆی ئەوەی گشتێنراوە و لە کۆڕە تایبەتەکان دەرچووە قسەی زۆرە بۆ وتن و ڕێگایەکی دووری لەبەرە. لەم بە گشتی بوونەدا ژنانیش وەک خولقێنەری دەق جێگای خۆیان کردۆتەوە و مۆرکی خۆیان پێوە ناوە. شێوازی ژیانی ژنان گۆڕاوە و ئێستاکە پێگە و شوێنیان هەم لە بنەماڵە و هەم لە کۆمەڵگەدا پتەوتر و بە پێزتر و پڕتر بووە. گێڕانەوەی ژینی ژنان و گێڕانەوە لەلایەن ژنانەوە بەربڵاوی و پێویستی هەڵسووڕان و ڕۆڵگێڕی زیاتر و بە پێی ئەوەش ناسینی قووڵتر و هەمەلایەنەتری ژنانە لە کۆمەڵگە و بنەماڵەدا.

**١–١–ژنانەنووسین یا نڤیساری ژنانە**

نووسەرانی پیاو «نێرینە» یان پیاوانی نووسەر لە ماوەی نووسینیان، کە لەپێشترن لە ژنان، هێشتا لە گێڕانەوەکانیاندا مەودای نێوان ژنی ئسیری «دڵخواز و دەستەمۆ» و ژنی لەکاتە « تێکدەری نۆرمی کۆمەڵگەی پیاو سالاری» بە ژنانی بێدەسەڵات و چاولەدەست، لاواز و کەمزان پڕ ئەکەنەوە. ژنانێ کە ڕێگای بە سووژەبوونیان لێ گیراوە یان ئەترسن ببنە سووژە. چون هێشتا کۆمەڵگە لە شوێن ژنی سوننەتی و چاولەدەستە، لە حاڵێکدا ژنان ناچارن بە نۆرم شکاندن بۆ خۆسەپاندن.

١–٢ دیارە ژنان لە هونەری گێڕانەوە جێگای خۆیان کردۆتەوە، بەڵام هێشتا قورساییان نییە و لاوەکی و پەراوێز دیارن. تایبەتمەندی هونەر بە گشتی ئەوەیە بە ئازادی هەناسە بدا و بێ ترس بێژێ و بنوێنێ. ناسکی خەیاڵ و خولیای ڕەها و بێ سانسۆر تەسبێحی دەستی پیاوە و بۆ ژنان گەر بڤە نەبێ بە هەند نەگرتنە. بۆیە زۆر جار ژنان هانا ئەبەنە بەر خوازە و هێما و شاراوەوتن. دیارە ژنان لە ڕووی تاکایەتی و زەینییەوە جیاوازن، هەم لە پیاوان و هەمیش لە یەکتر. ژنان وردبین و هەستیارن، تیشکی نووسین ئەخەنە سەر ژیانی ڕۆژانە و شتی زۆر ئاسایی ئەکەنە چیرۆکی گەورە. ڕەنگە شیمانەی ئەوە لەم پیتانە بێتە ئاراوە کە ئەمەوێ ئەدەبیات دابەش بکەم بە ژنانە و پیاوانە!. ئەزانم و بڕوام هەیە نووسین ژنانە و پیاوانەی نییە بە گشتی و نابێ نەرێنی بڕوانین چون لە ڕاستیدا لە ڕووی کۆمەڵناسی و دەروونناسییەوە جیاوازی هەیە لە مابەین ژنان و پیاواندا، هەر وەک جیاوازی نێوان تاکەکان. جا هەرچەند ورد و نادیار و لە هەژمار نەهاتوو بێ.

١–٣ ژن ئەبێ ژنانە بنووسێ، با ڕاستی لەناو نەچێ. هەموو ژن و هەموو پیاوێ کە ئەنووسێ بۆی هەیە باسی چی پێخۆشە بکات، بەڵام کە گەیشتە ڕوانگە و پەرداختی جیاواز دەرئەکەوێ. مەخابن ڕوانین بۆ ئەم جیاوازییە نەرێنییە و هەوڵی کەم و بچووک کردنەوە و خۆبواردن لە نووسینی ژنان ئەدرێ. ڕەنگە زاراوەی ژنانە نووسین یان نڤیساری ژنانە باری نێگەتیڤی لەسەر بێ، بەڵام خۆ نووسەرانی نێرینەش لایەنی ژنانەیان هەیە. ئەڵێن پیاو قەبە و گشتی ئەڕوانن و ژن پاژ و بچووک. دەی گەر نووسەرێک هەردوو ئەم تایبەتمەندییانەی ڕەچاو کرد و لە نووسیندا نواندی سەرکەوتووە، ژن بێ یان پیاو!

گەیشتن بە قووڵایی و ڕاستگۆبوون ئێلێمانە بۆ نووسین.

٢–١ژنانەنووسین یان نڤیساری ژنانە چەمکێکە لە بیرۆکەی فێمێنیسمی فرانسەوە سەری هەڵداوە و ڕیشەی لە بیرۆکەکانی دریدا و هاوبیرەکانی دایە لە دەیەی ١٩٦٠. باسی بەژنی داتاشراوی ژن لە لایەن ئانی لەکلەرک و پێداچوونەوەی یۆتۆپیایی هێلین سیکسۆ و ژووریێ بۆ خۆمی ڤیرجینیا ڤۆڵف لە پێوەندی ئەم بیرۆکە دایە.

نووسینی ژنانە جەخت لەسەر لەش و ناسنامەی لەرزۆک، بەرگری و خۆڕاگری لە هەمبەر سیستمی پیاوسالار ئەکات. لەش نەک وەک ئاناتۆمی و بوونناسی بیۆلۆژیکی ، وەک ناسین و فامێکی مێژوویی و ئێپیستمۆلۆژی. وابێ زمان و ڕوانینی ژنانە هەیە و ناکرێ نکوولی لێ بکرێ. هەرچەند ناشکرێ ببێتە یاسا و شێوازی تایبەتی لێ هەڵێنجرێ. یانی ژنان بە هۆی چۆنییەتی بوونی کۆمەڵایەتی خۆیان کە جیاوازە لە پیاوان، بە هۆی ئەزموونگەلی تایبەت بە ژنان، بۆچوون و ڕوانینی جیاوازیان هەیە کە هیچ پیاوێ ناتوانی سەر لەهەمووی دەربێنێ و بیکاتە خەیاڵ و کاری پێ بکات.

٢–٢ چۆنییەتی نڤیساری ژنانە

نڤیساری ژنانە گوفتمانێکی تایبەتە و ئەیەوێ هەموو ڕاز و نەوتراو و سەرکوتکراو بدرکێنێ. نۆرمەکان تێک بدات. هێزی خەیاڵ و فانتازیای ژنەکەش ئەگۆڕێ

و ئەیرەنگێنێ.

جوولە و هاوکاتبوون و دابەشبوون تایبەتمەندی زمانی ژنانەیە.

بە خوێندنەوەی بەرهەمی ژنان ئەبینین ئەزموونەکان ڕێژەیی و هێمایی و برێک جاریش تێکەڵ دژایەتییە. کەم هەیە ژنان بە ڕەهایی تەواو بگەن . دیارە مەودا و کاتی تێگەیشتن و دژایەتی و بەرهەڵستی تێئەپەڕینن بەڵام ڕەهایی ناتەواوە. لە بارو دۆخ و کۆمەڵگەیەک داین هەر چرکە و هەر جوولەیەک تەنانەت هەناسەدان کە زۆرجار بۆ بە ئاگایی گەیشتنە و سەربەخۆ بوون، تەنیا لە چوارچێوەی هەوڵی وەرگرتنی وەڵامی چەند بابەت کورت ئەکرێتەوە و تەواو. ژن هەوڵ ئەدات بە تەرکیز لەسەر لەش وەک پانتایی و گۆڕەپانی خەبات ئەزموونی ژنانە لە جۆری ئەزموونی پیاوانە جیا بکاتەوە و کەم هەیە بتوانێ بە نواندنی سەربەخۆیی ژنانە، لەش و بوونی پیاوانە» نێرینە «بە چالنج بکێشێ. ڕۆڵی سوننەتی و سەقامگیری پیاو وەک نان ئاوەر لە ناو بنەماڵە و کۆمەڵگە کە بکەوێتە ئەستۆی ژن و تەنانەت هاوتەریببوونی دوو ڕۆڵ پێکەوە « کارکردن لە دەرەوەی ماڵ و لە نێوماڵ»، سوان و تەریکخستنی ژنانە و گەشەی پێویستی بە دواوە نییە. ژنێ کە بە وشیاری و ئاگایی، تاکایەتی خۆی مسۆگەر کردووە هەوڵ بۆ تەنیاکردن و بێ ناسنامەبوونی ئەدرێ. بەر چالنجخستنی تابۆکان و گەیشتن بە ئاگایی و بەرگری کورتخایەن و کاتی وەدی دێت، بەڵام هەمان ناتەواوی ئەزموونی لەگەڵە کە پێشتر باس کرا.

پرسیار ئەوەیە ڕەهایی تەواو هەیە و پێک دێ؟ گەر هەیە تێچووی چی و چۆنە؟

٢-٣ نواندنی چەوساوەیی و تووڕەیی بێ ئاکام زۆر لە گێڕانەوەکانی گرتۆتەوە. تێگەیشتنێک کە هێشتا مۆرکی پیاوسالاری و چوارچێوە و تابۆی پێوە دیارە. کریس بیسلی لای وایە بۆ بە ژنانەکردنی زمان ئەبێ ئەوەی پێکهاتەی زمانی پیاوسالار خستوویەتە پەراوێز بێتە ناوەندی دەق و ئەمە گێڕانەوەی ژنانەیە. یانی نڤیساری ژن کاتێ چێ ئەبێ و ئەخولقێ کە پیاوانە» نێرینە» کردنی زمان بە هەند بگیرێ و هەوڵ بۆ سڕینەوە و ڕاستکردنەوەی بدرێ. سیکسۆ لە « کەنینی میندۆسا» و « ژنی تازە لە دایکبوو» دا تێکۆشاوە بۆ گەیشتن بەمە. سیکسۆ ئێژێ: ژنان ئەبێ باسی خۆیان بکەن، خەیاڵی ژن بێ سنووره وینەی مووسیقا و نگارکێشی و

نڤیسار، ڕووی قسەی لە ژنە و ئەپرسێ: بۆ نانووسی؟ بنووسە، نووسین بۆ تۆیە، تۆیش بۆ خۆتی، جەستەی تۆ هی خۆتە، ئەزانم بۆ نەت نووسیوە، چون نووسین تایبەت و قۆرخی گەورەکان بووە، بووەتە کردەوەی پیاوانە، تۆیش بە نهێنی نووسیوتە، زۆر کەمت نووسیوە، کارێ چاکت نەکردووە.

لەمڕۆدا گێڕانەوەی ژنانە بۆتە نڤیسار و هەم لە وێژە و ئەدەب و هەم لە تێگەیشتنی کۆمەڵگەدا ڕێگای بۆ خۆی خۆش کردووە و هاوکات دالغە و دڵەڕاوکەی تێکەڵبوون بە دنیای نوێی لەگەڵە.

٢-٤ باس کرا ئەدەبیات ژنانە پیاوانە نییە، بەڵام ڕوانگە و بۆچوون و شێوازی نووسین کە لە زماندا دەرئەکەوێ، بەستراوە بە بوونی پیاوانەوە و کاردانەوەی لای پیاوان. زمانی ژن وەک بگێڕەرەوە مێژوویەکی پڕی هەیە، بەڵام وەک نڤیسار لە دوای پیاوە. ژن بە هۆی بەستراوەبوون و تەگبوون بە پیاوانەیی کولتوور و زەق و زیندووبوونی تابۆکانەوە سەربەخۆ نییە و چ وەک کەسایەتی چیرۆک و ڕۆمان چ وەک بگێڕەرەوە، کارا و سووژە نییە و ڕۆڵی ئۆبژە و بەرکاری پێدراوە. ئێستا ژنان گەیشتونەتە ئەوە باسی دەروون و خواست و ناسنامەی خۆیان نەخەنە پشتگوێ و ئەزموونەکان هەرچەند ناتەواو، بکەنە نڤیسار و گوفتمانێ ژنانەیان هێناوەتە ئاراوە. زمانی ژنانە زمانێکی ئازادیخواز و فێمینیستییە و کاتێ ژن دال و سووژە لە ناو دەقدا کارکردی هەیە کە لە چنین و دەربڕینی سیمبولیک دوور کەوێتەوە و منێکی نوێ دابین بکات. بێجگە لەوە، پیاو «خۆم»ـە و ژن «ئەویتر»ـە. زمانی نڤیسار ژنانە لای خۆمان چێ بووە هەرچەند زۆر جار ژنان نائاگایانە ئەکەونە داوی زمانی پیاوسالارەوە و ئەیکەنە ئۆلگوو و سەرچاوە بۆ نووسین. واتە پیاوان زمانی گێڕانەوە و نووسین پێکهاتەیی ئەکەن و ژنان ڕچەی ئەوان ئەگرن، بۆیە برێک لە ژنان پیاوانە ئەنووسن.

بوونی ژن وەک ئێگزیستنس لە دنیای پیاوانەدا بە هۆی لەیبڵی وشە و واتایەک پیاو بۆی داناوە ئەسەلمێ.

٣-١ بێینە سەر ڕۆمان و چیرۆک. ئەزانین زۆربەی ژنان بێ ئەوەی ژوورێکیان بۆ خۆیان هەبێ چیرۆک ئەنووسن. ڕۆمان ژووری تایبەت و چۆڵ و بێدەنگ و کاتی تەرخانکراوی پێویستە، شتێ کە لای ژنان وەک دایک و هاوژین و کەیبانوو کەم وەدی دێت و ئەم ڕۆڵانە هەر کام، کات و هزر و

تلۆرەنسی ئەویان ئەوێ، ئەو ئەرکانەی کە خۆیان هۆکاری سنووردار کردنی مەودا و دەسەڵاتی ژنانن. ژن پچڕ پچڕ ئەنووسێ و پچر پچڕ ئەسەکنێ و پچڕ پچڕیش ئەگێڕیتەوە، ژیانێکی پچڕ پچڕ کە ئەیکاتە نڤیسار و لە نەمان و پەراویزبوون ڕزگاری ئەکات. ژنانێ بەدەر لەم بارودۆخە هەن، بەڵام کەمن.

برێک لایان وایە نووسینی چیرۆکی کورت تەمرینە بۆ نووسینی ڕۆمان. بەڵام کرۆنۆلۆژی ڕۆمان بەمەودایە و هی چیرۆک چڕە.

نووسین کارێکی مرۆییە و دادپەروەری و بیرەوەری و بەرهەڵستبوون وەک کردەوە و ئەکتی بەکۆمەڵ و گشتی لە کۆمەڵگە لە ڕۆمان و چیرۆکدا نموودی هەیە. ئەوەیە کە بە هۆی بارودۆخ و کەشی کۆمەڵگەی کوردییەوە کەسایەتی چیرۆک و ڕۆمان زۆربەیان قوربانی و پەسیڤن. شۆڕشگێڕ قوربانین و ئامانج ناپێکن. شوێنیش وەک نیشتمان لە چیرۆکی کوردیدا هەر قوربانییە. زمان و دەق بە کولۆنیکراوی پیاوسالارییە، وەک نیشتمان کە ئەویتری دەسەڵاتدار کردوویە. ئەو سەردەمە چوو کە ژن تەنیا بابەتی زمان و نووسین بێ، ئێستا خۆی لە زمانا ئەژی و ئافرێنەرە و نووسەری دەقە.

**ئاکام**

ئەوەیە کە ژن ئەبێ باسی خۆی بکات، خۆی بکاتە دەق و زمان بکاتە نیشتمان. ئەبێت لە چالنجی ناچاری لەگەڵ پیاوی ئاسایی کە پیاوسالاری بوونیەتی هەڵ نەیەت. باسی ژن و جەستە و خواستی چەمکێکی یونیوێرساڵە و لای ژنانی ڕۆژئاوا سواوە و هەر ڕۆژ نوێ ئەبێتەوە، لای ئێمە تازەیە و ئەبێ ژنان بگەڕێنێتەوە بۆ بوون و واتای بوونیان. ڕاستە ژیانمان کەمپۆزیۆنێکە لە ئەزموونی تاڵ و ناتەواو، لە سێبەربوون و تاراوبوون، با سیستمی لیبیدۆیی پیاوانە سەرکوت بکەین و ببینە سووژە.

* کلاسە کردنی ژن لە دوو جەمسەر
* Subjectلێرە هەمان واتای کارا وفاعل ئەدات
Reductionism کەمکردنەوە، یانی چەمک یان مەبەستێکی گەورە لەتوکوت بکەیت و پاژێکی بە دڵخواز زەق بکەیتەوە.
تقلیل گرایی
Chris Baseli
Virginia Woolf
Helen Cixous
écriture feminine نڤیساری ژنانە
Le rire de la Mêduseکەنینی مێدۆسا

# ژن لە میدیای کوردیدا

## لە ئامادەیی شکڵییەوە بۆ کاریگەریی ناوەڕۆکی

پێشەوا ڕوژهەڵات

**پێشەکی: ئاوێنە شێواوەکە**

میدیا، بە حوکمی پێناسەکەی، دەبێت ئاوێنەی کۆمەڵگە بێت؛ ئاوێنەیەک کە هەموو ڕەنگ، دەنگ و چین و توێژەکان بەبێ جیاوازی لەخۆیدا نمایش بدات. بەڵام، کاتێک نیوەی کۆمەڵگە، واتە ژنان، لەم ئاوێنەیەدا، یان بە کاڵی دەربکەون یان وێنەکەیان شێواو و ناتەواو بێت ئیتر ناتوانین بڵێین میدیایەکی تەندروست و پێشکەوتوومان هەیە. پرسیاری جەوهەری لێرەدا تەنها ئەوە نییە کە «ئایا ژن لە میدیای کوردیدا ئامادەیی هەیە؟»، بەڵکو ئەوەیە کە «ئەم ئامادەییە چەندە ڕاستەقینە و کاریگەرە؟». ئەم وتارە هەوڵ دەدات لە جیهانی میدیای کوردیدا لە ڕووکارەکان تێپەڕێت و قووڵتر سەیری ڕۆڵ، وێنا و ئاستەنگەکانی بەردەم ژنان بکات.

**ڕەگ و ڕیشە: ژن لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا**

بۆ تێگەیشتن لە دۆخی ئێستا، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ دواوە. ڕۆژنامەگەریی کوردی لە بنەڕەت ڕا وەک ڕۆژنامەگەریی خەبات و شۆڕش سەری هەڵدا. لەم مێژووە پڕ لە هەوراز و نشێوەدا، ژنان زۆرجار ڕۆڵی پشت پەردەیان گێڕاوە؛ وەک نووسەرەوەی نامەکان، گەیەنەری پەیامە نهێنییەکان و هاندەری مورالیی خەباتگێڕان. هەرچەندە ناوی ژمارەیەکی کەم لە ژنانی پێشەنگ، لە مێژووی چاپەمەنیی کوردیدا تۆمار کراون، بەڵام، ڕۆڵی گشتییان زیاتر لە پەراوێزدا بووە. ئەم میراتە مێژووییە، کاریگەریی لەسەر دۆخی ئێستاش داناوە، کە تێیدا تێپەڕاندنی عەقڵیەتی پیاوسالارانە لەنێو ژینگەی میدیاییدا هێشتا ئەرکێکی قورسە.

**دۆخی ئێستا: وەهمی چەندایەتی و قووڵایی کێشەکان***

لە یەکەم نیگادا، وا دەردەکەوێت کە دۆخی ژنان لە میدیای کوردی زۆر باش بێت. شاشەی تەلەفزیۆنەکان پڕن لە پێشکەشکاری ژن و لاپەڕەی ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکان بەرهەمی قەڵەمی ژنانی تێدایە. بەڵام ئەمە «وەهمی چەندایەتی»یە و کێشە ڕاستەقینەکان لە پشتی ئەم دیمەنە ڕووکەشییەوە خۆیان حەشار داوە.

**دابەشکاریی بابەتی:**

